تەنیا گلەیی کردن وتێگەیاندنی یەکێک کەوا لەسەر رێگەیەکی چەوتە، بەس نییە، بەلکو دەبێ رێگەکەی بۆ دەست نیشان بکەین و بیخەینە سەر رێگە راستەکە. ئێستا رێ و شوێنی رەخنەی ریالیزمیش شەقلی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا گرتووەو دیارە. بۆیە لێرە شدا ئەم پرسیارەمان لێ دێتە پێشەوە : رەخنەی ئەدەبیی چۆن دەبێت؟

لەوەلامدا دەڵێین رەخنەی ئەدەبیی ئەوەیە کە بەپێی گرنگی و بەنرخی بابەتەکەوپەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵ و دەرخستنی لایەنە کانی تر و نرخاندنی بیری هونەری و ئەدەبی بابەتەکە لەتەرازووی هەڵسەنگاندنی راستەقینەی بەویژداندابێ.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی سەرەوەدا ئەم خالانە دێنە کایەوە:

١- رەخنەگر دەبێت نرخی تەواو بدات بەو بەرهەمەی کە رەخنەی لێ دەگرێت و بە تاواویش لێی تێبگات، تاکو لە هەڵسانگاندن و بۆ جوونەکەی خۆیدا ،یارمەتی خوێنەر بدات.

٢- رەخنەگر لەپاش هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە بەتەرازووی ویژدانی راستی مرۆڤایەتی، دەبێت یارمەتی نووسەرەکەبدات بۆ گەشە پێدانی بەرهەمی لەمەو دوای، نەک شکاندنەوەو هێنانەوەی بەڵگەی برو بیانوو بە مەبەستێکی تر و دانانی لەتای تەرازووی رەخنە و هەڵسەنگاندنی و لەگەڵ مەبەستێکی تردا، ئەویش لەقالبی رەخنەی زانستی ئەدەب دەردەچێ و شەقلی سنوورێکی تر دەشکێنێ کە مەبەستی جیاوازە لەگەڵ بابەتی نووسەرەکەدا، نەک لەگەڵ بیری نووسەرەکەدا، ئەمەیش زیاتر بە رەو بابەتێکی تر دەچی و لەبابەتە سەرەکییەکە لادەدا، ئەویش خوازەی* بابەتی رەوانبێژییە و لەگەڵ رەخنەدا جیاوازە و ئێستا لێی نادوێین.

بابەتیبنەرەتی دارێژراو لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەهەڵسەنگاندن و تێروانینێکی رەخنەیی هەیە ،لەبەر رۆشناییی خودی بابەتەکەدا، جا ئەگەر چیرۆک بێت یان شیعر یان بابەتێکی تر بێت . بێگومان شارەزایی زانستی ،پلەو پایەی رەخنە بەگشتی و بابە تێکی دیارکراویش بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر گرنگە، و ئاگاداریی لایەنی بابەتەکەش بێویستە! بێجگەلە وانەیش مرۆڤی رەخنەگر دەبی ئەمانەی خوارەوە راچاو بکات:

**١- جیاکردنەوە:** سەنگی تەرازوو و کاری رەخنەی بابەتەکەیە.چونکە بەبێ جیاکردنەوە و دەست نیشان کردنی بابەتەکە، کە چییە و لەچ چۆرە قالبێکدایە. کارت شناسی ئە دەبی و خستنەتای تەرازووی رەخنە و هەڵسەنگاندن لە خۆوە کارێکی پر زەحمەتە.

**٢- هەڵسەنگاندن:** ئەوەش لایەنی چۆنیەتی باری ئەدەبی و شی کردنەوە وبریار لەسەردانی ئەگرێتەوە .

**٣- مێژووی سەردەم:** دانانی بابەتەکە لەبارەی رەخنەیی یەوە ،لە قالب و جێی خۆیدا ،بەپێی مێژوو ی سەردەمی خۆی، جا ئێتر بابەتێکی رەوانبێژی بێت یان رۆشنبیریی و سیاسی و شارستا نێتی ..هتد

*(*) زۆر جار لە زماندا، وشەهەیە واتایەکی تایبەتی دەبەخشێ،بەلأم لەهەمان کاتدا واتای نا راستەوخۆش هەیە! جا ئەگەر لێرەدا مەبەست واتا ناراستەوخۆکەی یان بە جۆرێکی تر بڵێین ئەو واتایەی ژێرەوەی بێت، ئەوا بە خوازە ناو دەبرێت .*

بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی عەلادین سجادی،١٩٥٢
٢. زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی،چاپی شەشەم ،.١٩٨
٣. زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ،چاپی پێنجەم ١٩٨١.
٤. دیوانی خانی.
٥ . تاریخ الادب العربی . حنا الفاخوری
٦. تاریخ الادب العربی . احمد حسن الزیات



www.arsivakurdi.org

# رەخنەی ئەدەبیی کوردی

ئاسۆ گەرمیانی

لەراستیدا رەخنەی ئەدەبیی لای ئێمەی کورد هێشتا به شێوەو شێوازێکی زانستی بەر فراوا ن، لەچاو گەلاندا دەرنەکەوتووە و نەگەیشتۆتە پلەی هونەریی بەرزی خۆی ، جا ئیتر چ لەبەر هۆی سیاسی، مێژوویی، رۆشنبیری، زانستی، سایکۆلۆجی، نەبوونی سەربەستی و رێگەنەدانی خوێندن و نووسین، یان زۆر هۆی تریش کە کارتێکەرن لە پێ گەیاندن و پێشخستنی گیانی رەخنە لەناو کۆمەڵدا، تا وەکو پێوەرێکی ئەندیشەیی و فەلسەفی لە گیانی کۆمەڵدا رێ بکات و ببێتە هۆی گەیەنەری رابردوو و داهاتووش . ئەمەش نەک تەنها لە سنووری ، چوارچێوەی قەوارەی یەک لایی خۆیدا بووەستێ، بەڵکو هەوڵ بدرێت بۆ شارەزایی و تێکەڵ بوونی زیاتری ناو کۆمەڵ و ئاشنایەتی پەیدا کردنی زیاتر لە رۆشنبیریی و رۆشنبیرانی بیانی و جیهانیش.

هەموو بابەتێک بەپێی یاسای زانستیی خۆی لێی دە کۆڵرێتەوە . رەخنەش بابەتێکە لەوانە کەدەبێ بە چاوی زانست لێی بروانرێ و بەتەرازووی خۆی بپێورێت.

زۆر جار بابەتی واهەیە، بەچەند هۆیەک سەرنجت رادەکێشێت و وات لێدەکات لەگەڵ سەنگی محەکی تەرازووی ویژدانی رەخنەدا بکەوێتە چەن و چون. هەندێ جار وە کو بڵێی ویژدان کەوتبێتە سەر ئاگر، یاخود وەکو جزیلکت پێوەنابێ وایەهەندێ جاریش شەلم کوێرم دەست ناپارێزم، هەڵمێکی گەرمت بەگژدا دێت، جاروباریش فوویەکی ساردی فێنک کەرەوەیە ..!

ئەگەر بێت و پەیرەوی دادگای ویژدان و زانستی ئەدەب بکەین و چاوێک بە ئەرکی رە خنە گردا بهێنین و تێکەلاوی شارەزایی و زانست و هێمنی بکەین، کارەکەمان ئەوەندەی تر بەپێز دەبێت لەوەی تاڵ و شیرین، تەرو وشک پێکەوە بسوتێنین .

رەخنەو رەخنەگرتنی تاکو ئەمرۆی ناو کوردەواریی ئێمەش، زۆر بەداخەوە دەڵێم، زۆر جار بێ ویژدانانە رەش و سپی پێکەوە دە برژێنێت. لایەنە خراپەکەی چاکەکەیشی پێ دەسوتێنن و رەشی دەکاتەوە. لێرەدا زۆر گلەییم لەوانەیە کەوا کارەکانیان بەو شێوەیە ئەنجام دەدەن . ئاشکرایە بابەتی رەخنە و زانستی رەخنەگرتن کارێکی زۆر ووردو گرانە، هەربۆیەش زۆر بەپێویستی دەزانم لەو بارەوە چەند شتێک بخەمە روو:مەبەست لەرەخنەی ئەدەبیی لێرەدا ئەوەنییەکە وشەکە لەکوێوە هاتووە و واتەکەی چییە و چۆن بەکار هێنراوە و بلاو بۆتەوە، بەڵکو زیاتر مەبەست ئەولا یەنەیە کەئەمرۆ لەرەخنەی ئەدەبیی کوردیدا کراوەتەباو ..!

ئیتر چ لە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیدا، یانلەو تارو تێبینی و باری سەرنج و نرخاندن و لێکدانەوەو ..هتد. رەخنەی ئەدەبیی لای هەموو نەتەوەیەک ، وەکو هەموو زانستێکی تر سەرەتای دەست پێکردنی خۆی هەیە، ئەویش لەناو کۆمەڵداوبەپێی گۆرانی پلەو پایەی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ..هتد جا ئەگەر بێت و ئێمەی کوردیش ئەو پرسیارەئاراستەی خۆمان بکەین و بڵێین! رەخنەی ئەدەبیی راستەقینەی ئێمەی کورد کەی و لە کوێوە دەست پێدەکات ؟

لەوەلامی ئەو برسیارەماندا دەڵێین، ئێمە دەتوانین زۆر لەو سەرچاوانەی کەباسی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیی کوردییان کردووە دەکەن، بەبەشێک لەرەخنەی ئەدەبیی کوردی دانبێن، بەلام راسترین وەلام بۆ ئەو پرسیارەمان ئەوەیە کە دەڵێین سەرەتای دەست پێکردنی رەخنەی ئەدەبیی راستەقینەی کوردی دەگەرێتەوە سەر شاعیری کورد ئەحمەدی خانی. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە پێشتر رەخنە و رەخنەکاریی نەبووبێ، بەلام ئەگەر بە قولی بروانینە مەبەست و هەلبەست و نووسراوەکانی شاعیر ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ چۆن هەست و سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێت، بەهەستی نەتەوەیی و بیریی‌یەوە دەبزێنێت .رەخنە ی رەخنەگر دەبێتبێت بەرێ پێشاندەرێک، یان رەخنەگر خۆی بکا بەرێ پێشاندەرێک بۆ پێشخستنی ئەدەبی نەتەوەکەی خۆی. خانی پەیرەوی ئەوەی کردووە و دەڵێ با رەخنە گر برەو بدات بەرێ رەوی بیری خۆی لە ئەدەبی نەتەوەکەیدا، هەروەها لەرەخنەکرتنیشدا نابێ وتارێک بەیەک لایی بگرێت، بەلکو بەتای تەرازووی ئەو وژەی نەتەوەکەی خۆی هەڵی سەنگێنیێ.

مامۆستا عەلادین سجادیش لەسەرباسی رەخنە و رەخنەی ئەدەبییکوردی بێ لایەن ناوەستێ و دەنگی خۆی لەگەڵ نووسەرو شاعیراندا بەرز دەکاتەوە و دەڵێت

www.arsivakurdi.org

گرنگیان داوەتە زمانی بێگانە و بۆ ئەدەبیاتی خۆیان تێ نەکۆشاون ـ ،هەروەها نووسەر هەموو جۆرە نووسینەک بە ئەدەب لە قەلەم نادا،بەلکو بەم جۆرە تاریف دەکا :ـ عبارەتە لە گوتن و بێژینی شتێک کە بەستراوە بە (ژیان)ـەوە و کە پێویستی ژیانە ـ ( هاوار ،ژ. ٥ ,١٩٣٢ ،ل.٢). هەروەها هەڤەندی سوری کە دێتە سەر جنس ـ ژانەر ـی ئەدەبی ، پەنجە بۆ:گورانی ،چیرۆک و ئەدەبی کۆمێدی ـ واتە دراما بەگشتی رادەکێشێ . کەدێتە سەر ئەدەبیاتی کوردی ،دەنووسێ کە ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی جیهان بەگۆرانی و شیعر سەری هەڵداوە ....، بەلام نەبوونی ئەدەبی درامی یان کۆمێدی لەنێو کوردان دا هەڤەندی سوری بەم جۆرە لێکدەداتەوە :ـ انجا چونکە ئەدەبیاتی کۆمێدی بەستراوە بەقەومە بلندە موتەدینەکانەوە و زۆر پێویستی بە مەدەنیەتە ( هاوار ،ژ.٧). بێگومان نووسەر تا رادەیەک راست بۆ مەسەلەکە چوە ،چونکــە پەیدا بوونی ژانەری نوێ لە ئەدەبدا بەگشتی پەیوەندی بە رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بیری کۆمەلایەتیەوە هەیە. هەر پلەیەک لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا ، ناوەرۆکی تازەی پێویستە، ئەوەش دەبێتە هۆی لە دایک بوونی روخسار و فۆرمی نوێ ....، هەر چەندە ئەو پرینسیپە لەگەل لە دایکبوونی ژانەری دراما و کۆمێدی لە ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی ناکونجێ،بەلام سروشتی گشتی‌یە بۆ زوربەی ئەدەبی میللەتان ..لەوانەشە ،مرۆڤ بەجۆرێکی سادە و ساکار شێوەی ئەدەبی درامی لە فۆلکلۆری گەلێک میللەتان بەر چاو بکەوێ. لەبەشی سێیەمی وتارەکەی هەڤەندی سوری دا، بە بۆ چونی من ،بۆ یەکەم جار ئەدەبی بەراوردکاری کوردی لە دایک دەبێ، جونکە نووسەر هەولی ئەوەدەدا ( مەم و زین )ی خانی بەراورد بکا لەگەل چیرۆکی یۆنانی (ئیلیادە) .. بێگومان بەراووردەکەی نووسەر بۆ ئەم دوو چیرۆکە بەوەندی بە فۆرمەوە هەیە ( پۆیە، مەلحەمە ،داستان )، نووسەر هەروەها پەنجە بۆ چیرۆکی شیعری ـ فۆلکلۆری بە وێنە دەینێ، لەوانە وەک : شیعری « لەشکری » یاخود ـ بەیتی لەشکری ـ لەسەر میری هەریرێ و « خانزادەخاتوون » ،لەوتارەکەی دا، ناوەرۆکی داستانی « لەشکری» پێشکەش بە خوێنەرانی هاوار دەکا. هەڤەندی سووری لە ژمارەی (١٦)ی هاوار دا ئەنکێتێک بۆ خوێنەرانی هاوار لە بارەی چۆنیەتی یەکگرتنی زمانی کوردی ئامادە دەکا و تێیدا ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەکا :

*١ - چلۆن زمانی کوردی صاف و پاک دەکرێت؟*

*٢ - چلۆن شێوە و لهجەجیاجیاکانی کوردستان لە یەک نزیک دەکرێت؟*

*٣ - چلۆن زمانی کوردی پێش دەکەوێ ؟*

بێگومان ئەو سێ پرسیارەی هەڤەندی سوری بەر لە٥٧ ساڵ لە خوێنەرانی کوردی کردوە ، ئیستەش وەلامی تەواوی نەدراوەتەوە و جێ‌ی دەمە تەقەیە لەنیوان کۆرو کومەڵە و دەزگاکانی رۆشنبیری کوردی دا. لە ژمارەی (٢١)ی هاواردا ،نووسەرێک بەنازناوی « لاوێکی کورد » ، کە لەأمارەیەکی تری هاواردا هەر بەو ناوە نووسینێکی بلاو کردبووەوە، لە وەلامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا دەنووسێ و چەند پێشنیارێک پێشکەش دەکا بۆ دامەزراندنی کۆمەلی بژار و دەلێ : هەموو پەلێکی ئەم کۆمەڵە پێ ویستە بەلادێ دا بگەرێ وکەلیماتی پەتی و جوانی کوردی بدۆزیتەوە....، لەژووروو خوارووی کوردستان و لە گۆڤارێکی تایبەتی بلاو بکرێتەوە وهەروەها دەنووسی: دامەزرێنەرەکاني ئەم کۆمەڵە پاش خەرێک بوونێکی زۆر کۆنگرەیەک بکەن بۆ نووسینی قاموسێک و هەرچی کەلیماتێکی جوانی ژوورو خوارو هەیە، هەلی بژێرن و رێکبکەن بە قاموسێک ». باشان نووسەری ناوبراو بێشنیار دەکا لەسەر بناغەی هەلبژاردنی وشە بر مەعناکان و لەسەر « اصولی إملای توفیق وەهبی بەگ و بەدرخانیەکان لەیەک بدا » بەلام لەبارەی نووسینی لاتینی یەوە دەنووسی :« وەختێک ئەتوانین بەلاتینی بنووسین، کە سەربەست ببین » .

هەر لەبارەی زمانی یەکگرتوودا لە هاواری ژمارە(.١) دا پیرۆت وتارێکی نووسیوە و دەلێ :« لام وایە پێش همو شتێک وهظیفەی خوێندەوارانی کورد هەوڵ و تەقەلا دانە بۆ یک خستنی لەهجەکانی زمانی کوردی.بەلای منەوە گۆڤاری هاوار ئەتوانی لەم بابتەوە یارمەتێکی باش بکات »، جگەلەوەش پیرۆت گەلەک پێشنیاری گرنگی کردوە لەبارەی فەرهەنگ و یەککرتنی زمانی کوردی دا،ئەوەشی پیشان داوە ئەگەر (هاوار) بۆ ماوەیەکی تر لەسەر ئەو رێبازەی بەردەوام بێ :« اوسا لهجەیکی مشترکی کوردی دائەمزرێت و بۆ لەیەک تیی‌گەیشتن،مەجبور نابین بەکەلک هینانی زمانێکی أجنبی ».

ئەوەی شایانی باس بێ، لە ژمارەی (١٥) هاواردا ،نووسەرێک بەنازناوی ـ لاوێکی کورد پەروەر وتارێکی رەخنەی لەسەر مامۆستا توفیق وەهبی نووسیوە.دیارە ئەو لاوەکوردە پێ‌ی‌وابووە توفیق وەهبی چۆتە سوریا و دەیەوێ شێوەی سلێمانی بەسەر هەموو کورددا بسەپێنێ، بۆیێ بەتورەییەوە دەنووسێ: «ئایە دەتەوێت راستەو خۆ شێوەی سولەیمانی دەهەزار کەسی بەسەر، شێوەی کرمانجی‌ی شەش ملیونی سەربخەیت» ،بەلام لە وەلامی هاوار بۆمان دەردەکەوی لەو کاتەدا ،تەنیا شەوێک لە شام بووهو گەراوە تەوە،و هیچ پێوەندی بەوەوە نیە کە بەشێوەی سلێمانی نووسین لە گۆڤارەکەدا بلاو دەکرێتەوە.

بێگومان نووسین لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی لەهاوار دا بلاو کراوەتەوە ،پێویستی بەلێکۆلینەوەیەکی فراوان هەیە، کە گرنگی ئەو گۆڤارە لە مێژووی کولتوری گەلی کورددا دیار بکات و رۆلی خاوەنەکەی ( میر جەلادەت) ی مەزن و خزمەتی بۆ کورد و کوردستان نیشان بدات . بێگومان دوو بارە چاپکردنەوەی ئەو ژمارانە لەلایەن مامۆستا محەمەد بەکرەوە، زیندوو کردنەوەی هاوار و جەلادەتە. کاک محەمەد بەم کارەی ئەرکێکی گەورەو نیشتمانی‌ی پیرۆزی بە ئەنجام گەیاندوە و خزمەتیکی بێ پایانی بەنەوەی نوێ و مێژووی کولتوریان کردوە. هیواداریـن وێنەی روناکبیری وامان زۆر بێ.

(*) -لە گەل ئەوەشدا ،پێم وانیە ئەو شیعرەی بەناوی خدۆک لەژمارەی (.١)ی هاواردا بلاو کراوەتەوە هی حوسێن حوزنی موکریانی بێت .

(**) - نوری شاوەیس ، بیرەوەریەکانم ، لاپەرە ١.٦.

www.arsivakurdi.org

لەنووسینێکی خویدا ،پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە. یاخود خاوەنی وتاری « مشوری دوا ڕۆژ» کە بەناوی لاوێکی کورد نووسراوە ،لە سلێمانی یەوە بۆ هاوار ڕەوانەکراوە ، بەنووسینی عبدالواحد نوری(١٩.٣ -١٩٤٤) ،یاخود ڕەشید نەجیب ( ١٩.٦ - ١٩٦٨) بدرێتە قەلەم، بە پیٚی بیرەوەریەکانی مامۆستا نوری شاوەیس ،ئەو نووسەرەی کە لە سییەکان بەناوی ـ هێمن ـ ی دەنووسی ،مامۆستا عەزیز شالی یە** ،یاخود ئەو نووسەرەی بە ناوی ـ مامۆستا ـ لە ئاکریٚ وتاری بۆ ـ هاوار ـ شاندوە ،دەبیٚ مامۆستا مارف جیاووک (١٨٨٥ - ١٩٥٨) بیٚ، چونکە ناوبراو لەوکاتەدا قایمقامی ئاکریٚ بووە لە ساڵی ١٩٣٢ ، هەر وەک لە کتێبەکەی مامۆستا عەلی سەیدۆ گۆرانی« من عمان الی العمادیە» دا هاتووە ، چونکە عەلی سەیدۆ لەوێدا باسی مارف جیاووک دەکا ، کە زۆر یارمەتی داوە ئەو کاتە ـ لە١٩٣٢دا ـ ، دیساش ناتوانم بڵێم ئەو مەزەندەیە . .١٪ .
ئەو نووسەرانەی ڕاستەو خۆ بەناوی خۆ وتاریان لە هاواردا بلاو کردۆتەوە ، ئەم زاتانەن :

عەبدوللا گۆران ( ١٩.٤ - ١٩٦٢) ،توفیق وەهبی (١٨٩٧ -١٩٨٤)؛ عەبولخالق ئەسیری ( ١٨٩٧ -١٩٦٢)؛ طاهیر فوئاد (؟)؛ عەونی کۆیی؛ فایق بێکەس (١٩.٥ -١٩٤٨)؛ پیرەمێرد (١٨٧٦ -١٩٥.) ... جگەلەوە ،هاوار لەژمارەی (٤) دا شیعرێکی حاجی قادری کۆیی لەژێر سەردێری ( ئەی کوردینە وشیار بن ) بلاو کردۆتەوە ، بەوەش دەرگای بلاو کردنەوەی بۆ زاراوەی کرمانجی خواروو خستۆتە سەرپشت . ئەوەی شایانی وتنە ،دەستەی نووسەرانی هاوار ،یاخود باشترە بێژین جەلادەت بەدرخان هەوڵی داوە ،زۆربەی بەرهەمە کانی کرمانجی خواروو لەتەک ئەلف و بیٚی عارەبی ، بەلاتینیش بلاو بکاتەوە، بەم کارەیشی خزمەتێکی گەورەی بە نزیک کردنەوەی هەر دوو شێوەکەی زمانی کوردی کردوە، هەروەها خوێنەرانی کورد زمانی ئاشنا کردوە بەئەدەبیاتی کوردی بەگشتی .

جۆری ئەو بابەتانەی لە بەشی کرمانجی خوارووی هاواردا بلاو کراونەتەوە:

شیعر؛ پەخشان؛ نامە وسلاونامە؛ لێکۆلینەوە لەبارەی زمان و ئەدەب؛ باری کۆمەلایەتی و پەروەردە......(ئەوەی جێگای سەرسورمانە، ئەوەیە کە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور ئەو کاتە سەری هەڵدابوو، بەلام دانە چیرۆکێکی کوردی باشوور لەهاواردا بلاونەکراوەتەوە.)

## شیعر و پەخشان

لەژمارەی (٤-٢٢) ی هاوار دا (١٧) پارچە شیعر و دوو پارچە پەخشان بلاو کراونەتەوە لەوانە :

‹٣› هەڵبەستی عەبدوللا گۆران ،لەگەل دوو پارچە پەخشان.

‹٤› هەڵبەستی عەبدولخالیقی ئەسیری .

نموونەی پەخشانەکانی گۆران :

**چاو....**

**چاو: دوو پەڕەیە لە کتێبیکی مقدس، پڕەلەئاینی حوسن** ا...حەقیقەتەکانی ڕوحە،سرەکانی دڵ،ڕازەکانی دەرونی، بەحەرفی نور تیانووسراوە.....، پاشان دێتە سەر وەسف کردنی جۆرەکانی چاو و دەنووسی: چاو: وەک شەو ڕەشن، هەنگیکیش جەشنی پیرۆزە شینن،هەنگی چاوی تریش هەن، ئەلیٚی چاوی هەلۆن، چەشنی یاقوت ئاگریان لیٚی ئەبێتەوە...( هاوارـ ژ. ١٢)، یاخود لەسەر فرمێسک گۆران دەبێژیٚ : **دلۆپێک ئاو ..بەلام لەئاو ڕوونتر، لەئاگر ڕوناک تر، لە نەشتەر تیژتر ..(هاوارـ ژ.١٣) .**

## نامە لە هاوار دا

لە هاوار دا سیٚ جۆرەنامە بلاو کراونەتەوە :

١ - نامەی پیرۆز بایی

٢ - نامەی سەرە خۆشی

٣ - نامەی شیعری ئارستەکراو ...

نامەی شیعری لەئەدەبی کوردیدا، دەگەرێتەوە بۆ دوو جامەکەی نالی و سالم ، بەلام لەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردیدا ،بۆ یەکەم جار مامۆستا جگەرخوێن لە ژمارەی (١.)ی هاوار دا،نامە شیعرێکی ئارستەی عەبدولخالیقی ئەسیری دەکا، لە ژمارەی (١٤)ی هاواریشدا ئەسیری وەلامي جگەرخوێن دەداتەوە..ئەوەی شایانی باس بیٚ، پێوەندی دەروونی نێوان جگەرخوێن و ئەسیری دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٣٢ ، بەلام ئەو بێوەندیە درێژە دەدا و، دوای ٢٦ ساڵ لە سەر بلاوبوونەوەی ئەو شیعرنامەیە ،واتە لە ساڵی ١٩٥٨، دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەمووز لەعیراق ، کە جگەر خوێن بەناچاری سوریا بەجیٚ دێلیٚ و دێتە عیراقیٚ و لە ئینستیتوتی زمانەوانی بەغدا کار دەکا ئەوسا لەگەل ئەسیری چاویان بێکدەکەویٚ .. دوا جاریش لە کەرکووک ئەو دوو شاعیرە پێک دەگەن، لە لە گەرانەوەی جگەر خوێن لە کۆنگرەي مامۆستایانی کورد ـ شەقلاوە ١٩٥٩ ـ بەرەو بەغدا، لە کەرکووک سەر لە ئەسیری دەدا .

## لێکۆلینەوە لەبارەی ئەدەب وزمانی کوردیەوە لە هاوار دا

بەبروای من یەکێک لەلێهاتوو ترین نووسەرانی هاوار لەبەشی کرمانجی خوارووداً ،هەڤەندی سوريیە ،کەدەستێکی بالای هەبوو لەنووسینی گۆڤارەکەدا ، بەتایبەتی لەبواری ئەدەب و زمان. هەر چەندە تا ئیستە ناوی ڕاستی ئەو نووسەرەمان بۆ ڕوون نەبووەتەوە ، بەلام وای بۆ دەچم کەمامۆستا ڕەفیق حلمی بیٚ، چونکە ڕەفیق حلمی لە دوای دروست بوونی کۆمەڵە ی ( خۆیبوون) و بەر لەوکاتەش ناسیاوی لەگەل جەلادەت بەدرخان هەبووە لەتورکیا.

## ئەدەب

هەڤەندی سوری لە ژمارەکانی (٨.٧.٥)ی هاواردا زنجیرەوتارێکی لە ژێر سەردێری« ئەدەبیاتی کوردی »دابلاو کردۆتەوە، ڕەخنەو گلەییلەڕۆناکبیرانی کورد دەکا کەـ پتر

www.arsivakurd.org

بەتەنها هەر لەدڵی مندا بەلکو لەدلی همو کوردیکدا. گوڵی سیسی هیوا ئەگەشینیتەوە، مەیلی آزادی تازەئەکاتەوە،لە پریشانی و پارچە پارچەیی خۆمان ئەگەین » .

لەژماری -- ٨ -- دا ،نووسەرێک لەئاکریێ ـەوە بەنازناوی مامۆستا دەنووسی:

هاوار هاتە چی یایان          دەشت و گوندی
پیێ لەرزان
بانگی آزادی کوردان          یک بوونی خوشی دلان
کەوتە نـــاو مـــاڵ و خێــــزان

بێگومان نامەو پیرۆز بایی ئەو نووسەرانە هەستی زۆربەی روناکبیرانی کوردستانی باشووریان بەرانبەر بەگۆڤاری ـ هاوار ـ دەربڕیوە، بەتایبەتی یەکەم گۆڤاری کوردی بوو لە سوریا بلاو کراوەتەوە و نووسەرانی کوردی باشووریش بەهانایەوە هاتوونە، ئەوەی شایانی باس بێت ،لەو کاتەدا گۆڤارو رۆژنامەی کوردی تەنیا لەکوردستانی خوارووداا دەردەچوون ،ئەوانیش بەئەلف و بیێی عارەبی چاپ دەکران ، لەکاتێکدا هاوار بە پیتی عارەبی و لاتینی هاتۆتە مەیدان ، ئەوەش هیوایەکی نوێی بەخوێنەران بەخشیوەو سەرەتایێکیش بووە بۆ چەسپاندنی ئەلف و بیێی لاتینی لە زمانی کوردی دا.

هەر وەک لە سەرەتادا باسمان کرد ،دەرچوونی هاوار بە دوو ئەلف و بیێ، هەنگاوێک بوو چ بۆ فێر کردنی خوێنەران و راهینانیان بەو ئەلف و بیێیە، چ ئاشنایەتی پەیدا کردنی خوێنەرانی هەردوو شێوەبەبەرهەم و نووسینەکانی یەکتر دا، بەلام داخەکەم سەرپەرشت کەرانی هاوار درێژەیان بەم کارەنەدا، لەژمارەی ٢٤ـەوە هاوار تەنیا دەردەچی، داخەکەمان لەبەر ئەوەنیەکە بەلاتینی دەردەچوو ،بەلکو لەبەر ئەوەی لە کوردستانی باشوور ئەو دەرفەتە بۆ نووسەرانی کورد هەلێ نەکوتووە،لاتینی بەکار بهێنین ،یاخود بارو دۆخی سیاسی دەولەتی عیراق ئەستەنگ بوو لەبەر دەم نووسەران لەمبوارەدا. جا دوای ئەوەی هاوار تەنیا بە لاتینی دەردەچێ ، نووسەرانی کوردستانی باشوور لە گۆڤارەکە دوور دە کەونەوە . دیارە لەبەر ئەوە نەبووە کە نەیان ویستووە لاتینی پەرەبستێنێ، بەلکو نەیانتوانیوە بەلاتینی بخوێننەوە . ئەگەر هاوار بە هەر دوو پیت بەردەوام بوایە ، خوێنەرانی کوردی باشوور لیی بیێ بەش نەدەبوون .بێگومان دەرچوونی هاوار بەیەک جۆرە پیت،لە ژمارەی ٢٤ ـەوە، دەبێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەر دەم بەئەنجام گەیاندنی یەکێک لەو ئەرکانەی گۆڤارەکە لەسەرەتادا دەست نیشانی کردبوو ،واتە ــ



نزیک کردنەوەی هەر دوو شێوەی زمانی کوردی و هەنگاو ێک بەرەو زمانی یەکگرتووی ئەدەبی.

جێگای سەر سورمانە، چۆن زانایەکی وەک جەلادەت، هەنگاوێکی وای ناوە، و ئەلف و بیێ ی عارەبی لابردوە، لەکاتێکدا هێشتا ئەو بارو زەمینەیە بۆ خوێنەرانی کوردی باشوور ورۆژهەلات نە خولقا بوو ، پیتی لاتینی رێگەنەدرابوو،بەلکۆ هەر قەدەغە ش بوو. لێرەدا پرسیارێک دێتە کاییەوە ،ئایە لەبەر چی جەلادەت ئەم بریارەی داوە؟ بۆ پەلەی لیێ کردوە؟ئەوەی شایانی باسە دکتۆر نورەددین زازا ،کەیەکێک بووە لە نووسەرانی هاوار، بەلام لەو پێشە کیی‌ەی بۆ ئەو ژمارانەی حەمەرەش رەشۆ لە ساڵی ١٩٧٦ چاپی کردووە، پەنجەبۆ ئەوەراناکێشیێ ئایە چ پالی بە جەلادەت ناوە بۆ ئەم هەنگاوە.

## دووەم:

بەشداری نووسەرانی کوردستانی باشوور لە گۆڤاری (هاوار)دا وەک لەسەرەوەدا باسمان کرد، هەندیێ لە نووسەرانی کوردی باشوور بۆ یەکەم جار لە لاپەرەکانی گۆڤاری هاواردا،خۆیان بەخوێنەرانی کورد ناساندوە.

گۆڤاری ـ هاوارـ لە ژمارەی ( ٤ تا ٢٢) ، ٢٦ بابەتی نووسەرانی کوردستانی باشووری بلاو کردۆتەوە، یاخود بە وتەیەکی تر، نیوەی لاپەرەکانی بۆ کرمانجی خواروو تەرخان کرابوو.

لەو ژمارانەدا ،نووسەرانی کوردی باشوور ژمارەیان زورترە ،لەنووسەرانی باکوور،هەرچەندە نووسەرانی باشوور لەرێگای پۆستەوە بەشداریان لە گۆڤارەکەدا کردوەو لەوانشە بەرهەمیکی زۆرێش یە دەست خاوەنی گۆڤارەکە نەگەیشتبێ. هەندیێ لە نووسەرانی باشوور نازناویان بەکار هێناوە،کە بەداخەوە تا ئیستە ناوە راستیەکانی ئەو زاتانەی خوارەوەمان بۆ روون نەبوەتەوە...: هەڤندی سوری، پیرۆت ،مامۆستا ، لاوێکی کورد، خدۆک،سەرژیر (لەوانەیە ئەو وشەیە بەهەڵەنووسرابیێ، راستیەکەی سەر دبیر بیێ، کەسەر نووسەر دەکا، سەر نووسەریش جەلادەت بەدرخان بووە، بەبروای من ئەویش کرمانجی خوارووی وا باش نەزانیوە، بۆیێ دەبی نووسەرێکی کوردستانی باشوور بیێ، کە ئەو ناز ناوەی بەکار هێناوە.) بەلام ،هێمن،س،لاوێکی کورد پەروەر،پیرۆت ،خدۆک مرۆڤ دەتوانی لەروانگەی شێوەی نووسینیە ئەو نووسەرانە، بەمەزەندە ناوی خاوەنەکانیان بدۆزێتەوە ، هەر چەندە ..١٪ نیە. بۆ نموونە دەتوانریێ بگۆتری کە ـ خدۆک ـ حوسێن حوزنی موکریانی یە( ١٨٩٧ - ١٩٤٧ ) ، چونکە نووسەری ناو براو چەند نووسینێکی تری لەگۆڤاری «دەنگی گێتی تازە» دا، بەم ناوە بلاو کردۆتەوە، هەر وەک مامۆستا گیوی موکریانیش*

www.arsivakurdi.org

٢٤-٥٧ تەنیا بە پیتی لاتینی چاپ دەکرا. ئەوەی شایانی باس بێت ، بەهەوڵ و کۆششی کاک حەمە ڕەش ڕەشۆ لەساڵی ١٩٧٦ ئەو ژمارانەی بە لاتینی دەرچووبوون ،هەموویان پێکەوە لەبەرلینی ڕۆژاوا دووبارە چاپکرانەوە .کاک حەمە ڕەش لەپێشەکی چاپەکەیدا ،ئاگاداری خوێنەران دەکا، کە هەموو ژمارەکانی لەبەر دەستدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ژمارەی ١-٢٣ بە پیتی عارەبی و لاتینیە، هەروەها پیتی (k ) لەگەڵ (q) جێ گۆڕی کراوە بۆ نموونە: Kurd بەو جۆرە نووسراوە :Qurd ، یان Bike کراوەتە Biqe، بۆیێ ئەو ٢٣ ژمارەیەی وەلاناوە. بەداخەوە کاک حەمەڕەش مافی بە خۆداوە،خوێنەرانی کورد بێ بەش لە٢٣ژمارەی - هاوار -،لەگەڵ ئەوەشدا کارەکەی کاک حەمەڕەش ڕەشۆ ڕێزەو خزمەتێکی گەورەیە .

پێشەکی چاپەکەی بەرلین ،لەلایەن خوالێخۆشبوو دکتۆر نورەددین زازا ەوە نووسراوە، بەڵام بەداخەوە چ‌ئامادەکری چاپ و چ دکتۆر زازا لە پێشگوتنی خۆیان دا ،نە لەسەر ژیانی جەلادەت و نە شوێنی - هاوار - یان لە مێژووی ڕۆژنامە گەریی کوردیدا دەست نیشان کردوە. لێرەدا جێی خۆیەتی بەنجە بۆ ئەو لێکۆلینەوەیە رابکێشین کە دکتۆر حوسێن حەبەش لەسەر هاواری کردوە، لەزانکۆی مۆسکۆ،کە تا ئێستا بە کوردی چاپ نەکراوە ، تەنیا کورتەی ئەو لێکۆلینەوەیە بەرووسی لە ساڵی ١٩٨٢دا لەلایەن زانکۆی مۆسکۆوە بلاو کراوەتەوە .

مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە ،ڕوون کردنەوەی دوو خاڵی گرنگە لە بارەی ئەو ٢٣ ژمارەیەی بە پیتی عارەبی و لاتینی چاپکراون :.

١ - گرینگی دەرچوونی < هاوار> بە پیت و دوو زاراوە.

٢ - بەشداری نووسەرانی کورد لەپارچەکانی تری کوردستان لە <هاوار> دا.

## یەکەم:

لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، هاوار یەکەم گۆڤارە کە بەدوو پیت چاپکراوە، واتە بە پیتی لاتینی و عارەبی،بەمەیش هاوار یەکەم گۆفارە کە بنچینەی پیتی لاتینی لە زمانی کوردا بەکار هێناو چەسپاندی، بەڵام بیر کردنەوە بۆبەکار هێنانی پیتی لاتینی لەزمانی کوردیدا ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە، کەلەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری <ڕۆژی کورد> کێشەی ئەلف وبێی تازە دێتە مناقەشە کردن . بەڵام ئەو خەونە لە ساڵی ١٩٣٢ دا لە گۆڤاری <هاوار> دا دێتە دی. بەپێی بۆ چوونی زمانەوانەکانی کورد، پیتی لاتینی گونجاو ترە لەگەڵ یاسای وشەدەربرین لە زمانی کوردی دا،جگەلەوەی هەنگاوێکیشە بۆ نزیک کردنەوەی زاراوەکانی کوردی و زمانی یەکگرتووی ئەدەبی . دیارە <هاوار> ڕێگەخۆشکەر بووە لەم بوارەدا و کەتا ئیستەیش لەکوردستانی باکوور و ڕۆژاوادا پەیرەو دەکرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هاوار بەپیتی عارەبیش چاپکراوە،دەرگەی خستۆتەسەر پشت بۆخوێنەران ونووسەرانی کورد لەباشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستاندا. دیارە دەرچوونی هاوار لە سەرەتادا بەدوو پیت و دوو زاراوە،لەڕۆژی خۆیدا ،هەنگاوێکی گەورە بوو ە، بۆ نزیک کردنەوەی شێوەکانی‌دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ئاشنایی پەیدا کردن لە نێوان نووسەرانی هەر دوو زاراوە سەرەکیەکەی زمانی کورد دا.

لە ژمارەی یەکەمدا، هاوار ئامانجی خۆی لەبلاو کردنەوەی ئەلف و بێی نوێی کوردی ( لاتینی)دا دەست نیشان کردوە، هەرچەندە بەدوو جۆرە پیت دەرچووە. نووسەرانی هاوار لەژمارەی یەمەوە ،هەوڵیان داوە ،خوێنەران بە شێوەو بناخەی بەکار هێنانی پیتی لاتینی ئاشنا بکەن و چۆنیەتی دابەش کردنی پیتی دەنگدار و بێدەنگ ...هتد. لەژمارەی یەکەمدا لەبارەی ئەلف و بێی نوێی کوردی یەوە، وتارێکی بەسێ زمان بلاو کردۆتەوە -کرمانجی ژووروو،تورکی و عارەبی - ،هەروەها ئامانجی گۆڤارەکەشی بە دوو زمان بلاو کردۆتەوە (کرمانجی و عارەبی)، دیارە عارەبیەکەشی بەو مەبەستە بووە ،سەرنجی خوێنەرانی کوردستانی باشوور بۆ گۆفارەکە رابکێشێ .

وەک لەسەرەتادا،باسمان کردهاوار، ژمارەی یەکەمی لە١٥-٥-١٩٣٢ دەرچووە، لەژمارەی ٣یدا ،کە لەرێکەوتی ١٥-٦-١٩٣٢ دەرچووە ، یەکەم نامەی پیرۆزبایی بەکرمانجی خواروو بلاوکردۆتەوە، کەلەلایەن مامۆستا حامید فەرەجەوە ڕەوانەکراوە و دەنووسێ :« .. دەمێک بو چاوروانی ستارەیەکی گەلاوێژی کوردمان دکرد.تاکو دوێنی بەچاوی خۆمان دی مان کە ئەویش کۆڤاری (هاوار)ە کەچاوی همو کوردێکی رون کردەوە، هیوامان وایە کە بەتینی برشکی گشی کوردستان روناک کاتەوە...» ( دەقەکانی لەهاوار وەرگیراون ،بەرێنووسی هاوار بلاو دەکرێتەوە.).لەژمارەی چوارەمدا ،هەڤندی سوری،کەناز ناوی نووسەرێکی کوردستانی باشوورە، دەبێتە یەکێک لەنووسەرەکانی هاوار، تا ژمارەی ٢٣( واتەهاوار بەپیتی عارەبی چاپ دەکرێ) بەردەوام وتار بلاو دەکاتەوە . ئەوەی شایانی سەرنج دانەلەژمارەی چوارەمەوە،نووسینی کرمانجی خواروو پەیتا پەیتا لە لاپەرەکانی هاواردا شوێنی خۆیان دەکەنەوە. خاوەنی هاوار و دەستەی نووسەرانی ،هەوڵ دەدەن ئەو نووسینانەی لە کوردستانی باشوورەوە پیان دەگات ، بەپیتی عارەبی و لاتینی چاپ‌بکەن ،بێگومان ئەو کارەیان دەورێکی مەزنی گێراوە لە پێناساندنی نووسەرانی هەردوو شێوە ،بەبەرهەمی یەکتر. بۆ یەکەم جار خوێنەرانی کرمانجی خواروو چاویان گەش دەبێتەوە، بەبەرهەم نووسەرانی کرمانجی ژووروو، بەپێچەوانەش . بەلکو هەندێ لەنووسەرانی کوردستانی باشوور بۆ یەکەم جار لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری - هاوار - دێنە کۆری نووسین و بلاو کردنەوە.

لەکوردستانی باشوور زۆر بەگەرمی پێشوازی لە ــ هاوار ــ کراوە. لە ژمارەی ٥دا،پیرۆزبایی مامۆستای مێژوو نوس حوزنی موکریانی بلاو کراوەتەوە . سەر وتاری بەشی پیتی عارەبی ،ژمارەی ٦ی ــ هاوار ــ بە قەلەمی مامۆستا شاکر فەتاح بووە، هەروەها بەشی لاتینیەکەیش بەوتاری هەڤندی سووری دەست بێدەکات. شاکر فەتاح دەنووسێ : « هاوار ـ دوو کەلێکی ڕەشی ئاهو نالەی لێ قەوماوانی کوردە ....» ، یاخود نووسەرێکی تر لە ژمارەی ٧ دا،دەنووسێ:«دەنگی هاوار لەشامەوە دێتە گویم لەباش ئەوەی دەشت و بیابانی بێگانە و کیو کژی خۆمان ئەبری بەلام تأثیرەکەی ناگوری لە دڵی مندا،نەک

www.arsivakurdi.org

لێکۆڵینەوە

# گۆڤاری هاوار

جەمشید حەیدەری

بێگومان کە مرۆڤ باسی رۆژنامەگەریی کوردی بکات،بیەوێ یا نەیەوێ ،دەبێ باسی خانەوادەی بەدرخانیەکان بکا، چونکە ئەوان لەم بوارەدا سەرقافلەو دەستپێشخەرییان کردوە.جا ئەگەر مەسەلەکە راستەو خۆ بەند بێ بە«هاوار» کەلەلایەن رۆلەیەکی لێهاتوو وزانایەکی گەورە و نیشتمانپەروەریکی دڵسۆزی وەک جەلادەت بەدرخانەوە دەردەکرا،ئەرکەکەگرانترە. جا بۆ دەست نیشان کردنی رۆلی هاوار لەمێژووی کولتوور و رۆژنامەگەری کوردیدا،ئەو ئەرکەمان دەخاتەئەستۆ ئەگەر بەچەند وشەیەکیش بێ، پەنجەبۆ بنەماڵەی بەدرخانیەکان رابکێشین. کە گۆڤاری -هاوار- و خاوەنەکەی میراتگر و بەردەوام کەری رێبازی یەکەم رۆژنامەی کوردین . ئەوەی شایانی باس بێ، لەم کورتە وتارەدا،کە تەرخان کراوە بۆ ئەو ٢٣ی ژمارەیەی -هاوار-،جێگای ئەوەنابێتەوە باسی مێژووی بەدرخانیەکان و رۆلیان لەخەباتی سەختی گەلی کورددا بۆ رزگاری و پێشخستنی کولتووری نەتەوایەتی‌دا بکەین، چونکە هەر یەکێک لەو بنەماڵە پێویستیان بەچەند لێکۆڵینەوەی تێر تەسەل هەیە،کەتیشک بخاتەسەر خزمەت گوزاری بەدرخانیەکان لەبواری بووژانەوەی زمان و ئەدەب و مێژوو، هەروەها لەپاراستن و رزگار کردنی کەلەپوری نەتەوایەتی کورد لەفەوتان،لەتەک خەباتی سیاسیان لە پێناو رزگاری کوردستان .

روناکبیرانی کورد کەناوی ئەو زاتانە : میقداد مدحت،عەبدولرەحمان ، عەبدولرەزاق ،جەلادەت ، کامەران وسوریا .. هتد دەخوێنێتەوە ،یەکسەر تابلۆی خزمەتگوزاریان،لەچەشنی مانگی لەچواردە روناکی دەخاتە سەر مێژووی کولتوری کوردەوە. خۆ ئەگەر توێژەر هەر هیچ لەسەر ئەو بنەماڵەنەنووسێ ، تەنیا لیستەی ناوی ئەو کتێب و رۆژنامەو گۆڤار و ،ئەو وتارانەی ئەوانە نووسیویانە وبلاویان کردۆتەوە ،تەنیا تۆمار بکا ،لەقەوارەی کتێبێکی گەورەدا جێگایان نابێتەوە .

ئەوەی شایانی باسە، کاک محەمەد بەکر بە ئەرکی ئامادەکردن و ترانسکرێپ کردنی ئەو ٢٣ ژمارەیە لەپیتی عەرەبیەوە بۆ لاتینی و ئامادەکردنی لەدوو بەرگدا هەلساوە، بەرگی یەکەمی لەگەل پێشەکی‌یەکی ٢٧ لاپەرەی لێ چاپکرد ولەسالی ١٩٨٧دا گەیاندیە دەست خوێنەرانی کورد. بێگومان کاک محەمەد بەکر کارێکی زۆر گرنگ و گەورەی بە ئەنجام گەیاندوە ،بەمەیش ژیانێکی نوێی داوەتە« هاوار». ئەو ٢٣ ژمارەیەی کە کاک محەمەد پێشکەشی خوێنەرانی کوردی کردوە - هیوادارین بەرگی ٢یش - بکا. ئەو ژمارانەبۆماوەی ٥ ساڵ لەلای مامۆستای تێکۆشەر و دڵسۆزی وشەی کوردی عوسمان سەبری بەوە پارێزرابوو ،لەسووتان و لە ناوچوون ... مامۆستا عوسمان سەبری ئەو ژمارانەی لە مەترسی داگیر کەران و رژێمە کۆنەپەرستەکان، لەکونە دیوار،یاخود لەژێر زەمین رایگرتوون، هەر چەندە خۆی پێ نەپارێزراوە وکەوتۆتە دەست دوژمن، زیندان و ئە شکەنجەکراوە،بەلام ( هاوار)ی بەجۆرێک شاردۆتەوە کە دوژمن زەفەری پێ نەبا! بۆ ئەوەی رۆژێک بێ،ئەوەی نوێی کورد لە مێژووی کولتوری خۆی بێ‌بەش نەبێ، بۆ ئەوەی مێشکی نەوەی داهاتوو بەبەرهەم و گەنجینەی نەتەوایەتی کورد زاخاو بکا ،ئاشنایی پەیدا بکەن بەبەرهەمی لەبن نەهاتووی نووسەرانی خاوەن هەلوێست ، پێشەنگە خزمەت..گوزارەکانی زمان، ئەدەب ،فۆلکلۆر و مێژووی گەلی کوردمان.

## لە «کوردستان»ەوە بۆ « هاوار»


SAL 1
HEJMAR 1-9
15 GULAN 1932
30 ILON 1932

HAWAR

ANNE 1
NUMÉROS 1-9
15 MAI 1932
30 SEPT 1932

Kovara Kurdî • Revue Kurde

Mîr Celadet Alî Bedir-Xan
Xwedî û berpirsiyarê kovarê

Çapxana Tereqî
Şam 1932

Ji elfabeya erebî farisî wergerandin û ji nû ve nivîsandin
Mihemed Bekir

Cild 1 • Volume 1

ئەگەر بەپەلەش چاوێک بەو ماوەیەدا بخشێنین کە دەکەوێتە نێوان دەرچوونی رۆژنامەی « کوردستان - ١٨٩٨ » و گۆڤاری « هاوار-١٩٣٢» ، بۆمان روون دەبێتەوە ،کەلەماوەی ٣٦ ساڵدا، ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو رۆژنامە یکوردی لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان دەرچووە، بەلام ژمارەیەکی کەمیان تەمەن درێژ بوونە، هەندێکیان لە چەند ژمارەیەکیان تێبەر نەکردوە،بەلام رۆژنامەی تەمەن درێژیشمان هەبووە .

بەر لە دەرچوونی گۆڤاری -هاوار- دوو گۆڤاری تریش لە کوردستانی خواروو دەردەچوون « زاری کرمانجی ١٩٢٦ - رواندوز » و « روناکی .١٩٣٠-١٩٣٥ ،هەولێر »،بەلام لەبەشەکانی تری کوردستاندا هیچ گۆڤارو رۆژنامەیەکی ئاشکرا دەرنەدەچووە . دوای هاتنی میر جەلادەت بەدرخان بۆ کوردستانی رۆژاوا لە ٢٥-٨-١٩٣٠، بە دوو ساڵ یەکەم ژمارەی گۆڤاری - هاوار - لە ١٥-٥- ١٩٣٢ لەشام دەر کرد . هاوار لە ژمارەی ١-٢٣ بە پیتی عارەبی و لاتینی چاپ دەکرد، بەلام لەژمارەی

www.arsivakurd.org

# خەڵاتی بەربانگ

## بۆ چیرۆک و هەڵبەستی کوردی

بەربانگ- گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوێد پێشبڕکێی کورتە چیرۆک و هەڵبەستی کوردی (بەهەموو زاراوەکان) ساز دەکات. لەمەو دوا هەر ساڵێک خەڵات بەباشترین چیرۆک و هەڵبەست دەدرێ.

*ناوی خەڵات: (خەڵاتی بەربانگ)ە.

*هەموو کوردێک چ لەوڵات وچ لەدەرەوەی بۆی هەیە لەم پێشبڕکێ یەدا بەشداری بکات.

* لەهەر زاراوەیەک،چیرۆک و هەڵبەست بۆ خەڵاتی یەکەم هەڵدەبژێردرێت.

*پاداشتی یەکەم ٥٠٠٠ کرۆنی سوێدیە.

*ئەو چیرۆک وهەڵبەستانەی پلەی باش وەرگرن،لەپەرتوکێکدا چاپ و بلاوەکرێتەوە.

*ئەوانەی دەخوازن بەشداری ئەو پێشبڕکێیەبکەن، پێویستە بەرهەمەکانیان تا رۆژی ٣١-١-١٩٩٠لەسەر ناونیشانی بەربانگ رەوانەبکەن.هەر بەرهەمێک دوا بکەوێ بۆیی نیەبەشداری بکا(مۆری رۆژی پۆست لەبەر چاو دەگیرێ).

### مەرجەکانی بەشدار بوون

١-ئەندامانی دە ستەی ژووری بۆیان نیە بەشداری بکەن.

٢-ئەو بەرهەمانەی بەشداری لەپێشبڕکێ دەکەن نابێ لەهیچ شوێنێک بلاو کرابێتەوە.

٣- نووسەر نابێ ناوی راستەقینەی خۆی لەسەر بنووسێ،بەلکو دەبێ نازناو بۆخۆی هەڵبژێری بۆ نموونە: لە جیاتی ( محەمەد نوورن)،دەبێ بنووسێ (زووگەش)، بەلام ناوەراستیەکەی لەگەل ئادرێسی بخاتە نێو زەرفێکی داخراو تەنیا نازناوەکەی لەسەر زەرفی دەرەوەدا بنووسێ ،زەرفەداخراوەکە بخرێتە نێو زەرفی بەشداری پێشبڕکێکە. بەم ناو نیشانەی خوارەوە رەوانەبکرێت :

Xelata Berbangê
Box.45205
104 30 Stockholm , Sweden

٤-بەرهەمەکان بۆ خاوەنەکانیان ناگەرێتەوە.

٥- دەبێ بەرهەمەکان بەخەتێکی خۆش و رێک و پێک بنووسرێن،هەر بەرهەمێک نەخوێندرێتەوە،لەپێشبڕکێ کە دا بەشداری ناکات.

٦-چیرۆک لە (٣٠) لاپەری قەوارە گەورە ( فولسکاب A4 ) زیاتر نەبێ.

٧-هەر کەسێ بۆی هەیە بەدوو بەرهەم واتە چیرۆکێک و هەلبەستێک بەشداری بکا.

٨-خەلاتی پێشبڕکی لە رۆژی ٢٦-١-١٩٩١ لەئاهەنگێکی تایبەتی دابەش دەکرێ .

### ناوی ئەندامانی ژووری

١- شێرکۆ بێکەس
٢- حەمە سەعید حەسەن
٣- جەمشید حەیدەری
٤- رۆژەن بارناس
٥- محەمەد نوزن
٦- مستەفا دوزگون
٧- مالیساننژ
٨- مەحفوز مایی

د.عزالدین مستەفا رەسوولْ دەڵێ: « دلْزار کاتێ ئەم دیوانەی- مەبەستی خەبات و ژیانە- نارد بۆ چاپ ،خۆی بە چەند دێرێک بیری خۆی لەسەر دەربری بوو.لەوێدا دەڵێ :- هەندێ لە هۆنراوە کۆنەکانم بە بیرو باوەڕێکی تری جیاواز لە بیری ئێستام نووسراوە ،بەلام بۆ دارشتنی مێژووی پێشکەوتنی بیرم چاپی ئەکەم و ئومێدم وایە کە بە تەواوی لەو ئایدۆلۆجیەتە رزگارم بێت»[۳۸]

دلْزار لە هۆنراوەی ( ئەرێ کردگار )دا کەلەساڵی ۱۹٤٦ دا نووسیوێتی و یەکێکە لەو شیعرانەی کە ئەو پاکانەیە یەدەی گرێتەوە، دەڵێ:

لە کاتی هاتن لە ساتی چوونا
لەوەختی ژیان لەدنیای دوونا
لە هەر سێ باران بێ خەتاو سووچە
واتا لە بوون و ژین و نەبوونا .[۳۹]

ئەم کێشەیەی دلْزار ورووژاندوویەتی،یان دلْزاری وروژراندووەوسەراسیمەی کردووە،باس لە بایەخ وگەوهەری ژیان و ڕۆلی مرۆڤ دەکا، برسیارێکی ئەزەلییە و هەتا هەتایە بەنەمری دەمێنیتەوە.

مرۆڤ دوور لە دەسەلاتی خۆی دەکەوێتە بێشەی ژینەوە، بەلام ئایا چۆنێتی دەست نیشان کردنی ڕێرەوی ژیانی لەدەست خۆیایەتی،یان ئەویشی هەر بەسەردا دەسپێنرێ؟ ئایا مرۆڤ لە ژیانیدا ئەورۆڵە وازی دەکا کەبۆی دیاری کراوە یان خۆی رۆڵەکە هەلدەبژێرێ؟ ئایە ئەو رۆڵەی کە خۆیشی هەڵی دەبژێرێ لەدوا جاردا هەر جۆگەلەیەکەو دەرژێتەوە سەر ئاشی مەبەستی دەرهێنەرە سەرەکییە کە ؟ ئایا مرۆڤ وەک لەدایک بوونی بەپێی ویست و ئارەززووی خۆی نییە،کۆچکردنیشی هەر وایە؟ من ئەگەرچی سەربەستی مرۆڤ لەیاخی بووندا دەبینم و پێم وایە مرۆڤی ئازاد هەمیشە دژی دیاردە سەروەرەکانە،بەلام لەهەمان کاتدا هەندێ جار خۆ کوشتنیش بەشێوەیەک لە شێوەکانی داکۆکی لەخۆ کردن و ڕەتکردنەوە دەزانم . ئەو مەسەلەیەی دلْزار لەو شیعرەیدا رووناکی خستۆتە سەر هەر هەمان کێشە و پرسیار و خولیا و کەڵکەلەیە کە خەیام و بابا تاهیری عوریان و هیدگر و کامۆ و سارتەرو یۆنسکۆ و بێکیت ..پێوەی سەرقالْ بوون .

لەدۆزەخی ژیانی گەلی چەوساوەی کوردا بەرهەمی داکیرسانی بیرو نوانەوەی ڕۆحی گەلێ شاعیر و نووسەر بوونەتە خۆلەمێش، ئاخۆ مەلی جەند چیرۆک لەکاتی پشکنینی گیرفانی شارەکاندا بەگەرووی ئاگردا کرا بێ؟چەند بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ هەڵەبجەدا ژارخواردوو کرابێ ؟ لەگەڵ ڕاگوێزان و سووتاندنی گوندەکانی کوردستاندا لەچەڕە دووکەڵدا خنکابێ ؟

دلزاریش وەک شاعیرێکی سەر بەم گەلە چەوساوەیە، جەندین جار پارچەکانی جگەری وەک هاوولاْتییەکانی چارەنووسیان بزر بووەو بوونەتە قوربانیی دەستی خوێناوی رژێمە جەللادە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان .

داوای تەمەنی درێژ و بەفەڕ بۆ دلْزاری شاعیر دەکەم و بەهیوام مەودای بلاوکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانی و بیرەوەرییەکانی بۆ برەخسێ.

* ئەم نووسینە لەو ئێوارە کۆڕدا کە یەکێتی نووسەرانی کورد -سوێد لە ستۆکهۆلم لە رۆژی .۲-۱-.۱۹۹ دا بۆ رێز لێنان لە دلْزار سازی کرد، خوێنراوەتەوە.

## پەراوێز

*۱-کاردۆخی لە تەرازووی شیعردا .ف.بێکەس گەلاوێژ ل.٥٥ ،ژمارە ۱۹٤۳/۹*
*۲- مەدهۆش و شیعر .هەردی ل.٥۹ هەمان سەرچاوە.*
*۳- سەرەتای کۆمەڵە شیعری ئاشتی و ژیان . محەمەد توفیق وردی ۱۹٥۸ .*
*٤- پێشەکییەکەی کۆمەڵە شیعری خەبات و ژیان . عزالدین مستەفا رەسوول، .۱۹٦*
*٥- دلْزار ،خەبات و ژیان ل.۳۷ . .۱۹٦ .*
*٦- دلْزار،هەمان سەرچاوە ل.٥۷*
*۷- گۆڤاری سروە ،ژمارە ۳۹ ،ل.۳۱*
*۸-گابریل گارسیا مارکیز ، الحب في زمن الکولیرا. ص ۲۲*
*۹- لقاء مع احمد دلزار، کوردستان-گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا .ژ.٦ . ۱۹۸٦*
*.۱-خەبات و ژیان، ل.۳٤ .*
*۱۱- ئاوازی ئاشتی و ئازادی، ل.۲*
*۱۲-گۆڤاری سۆسیالیزم یان بەربەری. راپەرینی کرۆنشتتات ، ژ.۲ . ۱۹۸٥ ل.۱۹*
*۱۳- گۆڤاری بەربانگ ،ژ.٦۱ ،نۆڤەمبەری ۱۹۸۹ ل.٤٥*
*١٤- هەنریش مان دەربارەی ڤۆلتێر و گۆتە- رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم.ژ.۱۳ ،۱۹۸۸ ل.۱ . ۱*
*۱٥-ئاوازی ئاشتی وئازادی ،ل.۲۳*
*۱٦-هەمان سەرچاوە ،ل.۳۱*
*۱۷ -نووسراون، ڕاستە.*
*۱۸- لەو شیعرانەن، ڕاستە.*
*۱۹ -پێشەکی کۆمەڵە شیعری خەبات و ژیان .۲ -صور ادبیه ،مکسیم غورکی ترجمه ودراسه د.محمد عبدو النجاری ،دمشق ۱۹۸٤-۱۹۸٥ ،ص ۱۷*
*۲۱- خەبات وژیان ل.۱٦*
*۲۲- جدل الحداثه في الشعر،دار الحقائق ،دمشق ،ص ۳۸*
*۲۳- خەبات و ژیان ل. . ٥*
*۲٤- دیوانی گۆران ، .۱۹۸ ل.٤۳۷*
*۲٥- مع گۆران الشاعر الکبیر ،احمددلزار .الثقافه الجدیده ،عدد ۲.۷ . ۲.۸ . ۱۹۸۹*
*۲٦ دیوانی گۆران ل.۱٦۳ .*
*۲۷ -خەبات و ژیان ل.٦٥ .بۆ ئەوەی بواری بەراورد کردنەکە بەچاکی برەخسێ،وام بەچاک زانی تەواوی هەردوو شیعرەکە (ئەوی گۆران و ئەوی دلْزاریش) بنووسمەوە*
*۲۸- دیوانی گۆران ل.۱٦۹ .*
*۲۹- خەبات و ژیان ل. .٦ .*
*.۳-دیوانی گۆران ،ل.۱٤٤ .*
*۳۱-خەبات و زیان ،ل.۳۱ .*
*۳۲- هەمان سەرچاوە ،ل.۳٤ .*
*۳۳- سەرەتای ئاوازی ئاشتی و ئازادی.*
*۳٤- خەبات و ژیان ،ل.۱٤*
*۳٥-هەمان سەرچاوە ،ل.۱۹*
*۳٦- رسول حمزاتوف ،اراء و قصائد ،ترجمة میخائیل عید ،دمشق ۱۹۸٤ ص.۲۱*
*۳۷- ژان کۆکتۆ*
*۳۸- خەبات و ژیان ل.۷۲ ،-- پاکانە.*
*۳۹ - هەمان سەر چاوە ،ل.٦۸ .*

www.arsivakurdi.org

من فرمێسکم تۆ بارانت
من هەناسەم تۆ بای ساردت
من خەم تۆ هەوری کریانت
دوایی نایە دادم
هەرگیز هەرگیز
پایز پایز
***
پایز پایز
شان و مل رووت
من مات تۆ زیز
هەرووکمان جووت
هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئالتوونی دار ئەڕژێ بگرین
پۆلی باڵدار ئەفرێ بگرین
بگرین بگرین چاومان نەسرین
هەرگیز هەرگیز
پایز پایز .(٢٦)

دڵزاریش لە ژێر کاریگەرێتی ئەم شیعرە کورتە،باڵاکەڵەگەتەدا،لەهۆنراوەی (بولبول) دا کە یەکێکە لەشیعرەنەمرەکانی دەڵێ:

بولبول بولبول
لەناوگوڵزار
ئەتۆ بۆ گوڵ
من بۆ نازدار
بگرین بەزار
من لە ژێردار
تۆ لە سەرچڵ
تۆ بە دەندووک و من بەدەم
بگرین بڕێژین ئەشکی چەم
بولبول بولبول
بگرین بە کوڵ
دەندووک بجووک
بولبولی جوان
ئەی ئێسک سووک
ئەی نەغمە جوان
تووبی یەزدان
بەنەغمەی خۆش

دڵی بریان
بهێنە جۆش
تۆ بەباڵ و من بە خەیاڵ
ئەفرین بەسەر گوڵزار ویاڵ
ئەفرین دەگرین
ئەسرین ناسرین .(٢٧)

گۆران دەڵێ :
ئەم لا یەک پەڵە، ئەو لا یەک پەڵە،
هەوری ڕەنگاو ڕەنگ
لەناوەڕاستا،دەم ئاسۆوە،ڕۆژی شۆخ و
شەنگ
دڵزار دەڵێ:
ئەم لا کەژێکە،ئەولا کەژێکە،جوان وسەخت وبەرز
لەناوەڕاستا،دۆڵی سۆلاڤە،پڕ لەباخ ورەز (٢٩)

ئەگەرچی کاریگەرێتی گۆران بەو دوو شیعرەی دڵزارەوە بەئاشکرا دیارە،بەڵام دڵزار وێنەی دووەمی گۆران نییەو خوێنەر بەئاسانی شیعری هەر یەکێکیان دەناسێتەوە .
کەشاعیر خۆی بەکێشێکی دیارکراوەوە بەستەوە وکەوتە گەران بە دوای سەروادا،با شاعیرێکی بە توانایش بێ،هەندێ جار ئاوەڕۆک ،زمان، ڕێزمان، وێنەی شیعری، ڕەمز ...ڕۆڵی قوربانی دەبینن، تەنانەت گۆرانی مەزنیش لەم پەتایە رزگاری نەبووە.
گۆران لەگەشتەکەی قەرەداغیدا دەڵێ:

چای خەست تێکدرا بەکەوچکی چێو
دەرمان نۆش کراپیاڵەی لێوان لێو
ئەپاڕایەوە مامە تو خوا بەس
نەرم نەئەبوو خانە خوێی ناکەس
هەرتێی ئەکرد بۆت یەک لەسەر یەکتر
بەپیاڵەی چڵکن چای خەستی وەک قوڕ (٣٠)

ئەگەر چی خانەخوێ دڵی فراوان بووەو نیازی ئەوەی هەبووە زیاتر ڕاژەی مێوانەکانی بکات، کەچی گۆران لەبەر سەروای دێڕە شیعرەکەی ئاوەلناوی (ناکەس)ی داوەتە پاڵ!
سەرو سامانی خۆ ناخەینە بەر چەنگ
دوژمنی دڵ تەنگ
هەموو هاوار ئەکەین تێکرا بەیەک دەنگ (٣١)

دڵزاریش لەبەر سەروا وشەی «چنگ»ی کردووە بە (چەنگ) .
دڵزار هەندێ جار لەڕووی زمانیشەوە نیشانەی پێکاوە :

کاتێ ئیمپریالیزم ڕیشەی لە ئەمریکا چەقاند
تۆوی ناکۆکی ڕوان و داری ناهەمواری چاند (٣٢)

تۆو دەوە شێنرێ، شەتڵ دەچێنرێ، نەمام دەڕوێنرێ. دڵزار وەکوو وردی دەڵێ : (باخەوانیشی کردووە.)(٣٣). بەلامەوە سەیرە کەوتۆتە ئەو غەفلەتەوە.

کۆشکی ڕایخشتاخ هێلانەی نازی
کاتێ بەزوڵمی زۆرت ئەنازی
کۆی هیمالای سەر ڕێی شادی بووی
دەریای پاسفیکی پێش ئازادی بووی (٣٤)
کۆ، واتا کێو ،چیا، سیمبولی ورەبەرزی و خۆراگرتنە، دەریاش ڕەمزەبۆ هێزی بەرینی جەماوەر، هەر دڵزار خۆیشی لە هۆنراوەی سوپای سوور دا دە ڵێ:

هێزی سوور کێوێکی سەخت و بەرزە
هەرگیز ناڵەقێ
بۆیە هەوری شەر تریشقەی دێت و ئەمما ناتەقێ (٣٥)
**(خەباتناهێڵێبیمەشاعیر،گۆرانییەکانم ناهێڵن بیمە خەباتگێر).** سەبارەت بەم گوتەیەی نیکراسۆف ،ڕەسوڵ هەمزاتۆف دەڵێ : « پێم وایە ئەگەر شاعیر نەبووایە نەدەبووە ئەو خەباتگێرەی ئێمە دەی ناسین،ئەگەر تەنیا خەباتگێریش بووایە،نەدەبووە ئەو گۆرانی بێژە ناسراوە . » (٣٦).

ئەگەر دڵزاریش سەر قاڵی خەبات نەبووایە لەساڵانی پەنجا و سەرەتای ساڵانی شەستدا نەدەبووە ئەو شاعیرە خۆشەویستە، بەڵام کە حیزبەکەی هەڵەزێرینەکەی لەدەستدا ولێنین کوتەنی بووە سفری لای چەپی کۆما، ئیتر گوڵی بەهرەی شیعری دڵزاریش سیس بوو،بەلام ئەگەر لە کۆمەڵگایەکی ئینسانیدا ژیانی بەسەر ببردایە و خۆی بۆ شیعر تەرخان بکردایە ،ئێستا لەگۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا، جێ پێی گەلێ پتەو تر و لوتکەی شیعری گەلێ بڵند تر دەبوو، ئێستا تەنیا لەسەر شانازییە شیعرییەکانی پێشووی نە دەژیا و دڵزاری« تاک بەدەستی کۆ نەدەکوژرا »(٣٧)

www.arsivakurdi.org

زمان زیاتر نەدەبوو.لینین خۆی شتێک دەڵێ ئەمە پوختەکەیەتی: «هەمیشەحیزب لەکۆمیتەی ناوەندی و کرێکارانیش لەحیزب شۆرشگێر تر بوون،... دەبوو حیزب ئەسپ بێ و کرێکاران بەدوای خۆیدا ڕابکێشێ،بەلام کرێکاران ئەسپ بوون وگالیسکەی حیزبیان بە دوای خۆیاندا بەکێش دەکرد .»

د.عزالدین مستەفا رەسوول دەڵێ :« شیعرەکانی دلزار لەڕووی ناوەرۆکەوە بۆ گەل نووسراوە(١٧) و لەڕووی ڕووخساریشەوە لەو شیعرانەیە (١٨) کە هونەرپەرستان زەوقی لێ وەرگرن .» (١٩)

ڕاستەنکۆولی لە رۆڵی هاندەرانەی شیعری دلزار ناکرێ، بەتایبەتی لە ساڵانی سەردەمی پاشایەتی و سەروەختی ڕووخاندانیدا، ئەو شیعرەی بکرێتە سروود، بێگومان دەبێ شیعرێکی شۆرشگێرانە بێ و خەلکی بۆ خەبات هان بدات . گۆرکی دەڵێ :« ئەرکی هونەر ئەوەیە،ورەی مرۆڤ بەهێزو باری گرانی سەرشانی سووک بکات و فێری بڕواو هیواو خۆشەویستی بکات.» (٢٠)

کارگەرین،جەنگاوەرین
رەنجبەرین،تێکۆشەرین
بۆقەلای سەرمایەدار
تێکدەرین،تێکدەرین (٢١)

(کورانی کارگەران) کە هونەرمەند ناسری ڕەزازی کردوویە بە سروود یەکێکە لەشاعیرە کارگەرییەکانی دلزار .

دلزار لەبواری شیعری گۆرانیدا ،یەکێکە لە شیعرەبالا هەڵکشاوەکانی کورد ،هەر بۆیەمەلی گەلێ شیعری هێلانەی لاپەرە وقەفەزی سنگی خوێنەری بەجێ هێشتووەو بە هۆی دەنگی کاریگەری گۆرانی بێژانەوە لەئاسمانی بەرینی کوردستاندا لەشەقەی باڵی داوە.

دلزار شاعیری دلدار و دلْ ناسک،لەبواری کێشی خۆمالیدا داهێنانی تۆمار کردووەو لەسەر کێشی ئاسان و لەبار شیعری ناسکی نووسیوە، هەر ئەمەیش هۆی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی گۆرانی بێژان باوەشی دەنگی پرسۆزیانی بۆ بکەنەوە:

ئەی بالا بەرزی نەرم وشل
ئارامی گیان و جەرگ و دلْ
بەغەمزەی چاوی بڕ لەکل
تەوقی سەوداتم کەوتە مل
جا نازەنین حۆری زەمین
مەرهەمی برین تاکەی زاری
تاکەی گریان جگەر سووتان
بووم بەبریان بەکجاری

ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی دلزار کە هونەرمەندان تایەر توفیق و عەلی مەردان و ئەحمەد مەحموود بەئاوازی جیاواز بە دەنگە ڕەسەنەکانیان کوتوویانە . گۆرانییە ناودارەکەی تایەر توفیق ( وەرە قوربان ئارامی دلان)یش هەر شیعری دلزارە، رەسوول گەردیش گەلێ شیعری دلزاری بە گۆرانی گوتووە :

هەلسە گیانەکەم    یارە جوانەکەم
بڕۆین بۆ ناو گوڵزاران    بۆ دەم باخ و ڕووباران،

سەرکەوتوو ترینیانە .

ئەی ناسک ئەی کچی جوانی شەنگ و شۆخ
ئەی چاو گەشی ئەبڕۆ ڕەشی تیرو تۆخ

شیعرێکی ناسکی تری دلزارەو بۆتە هەوێنی گۆرانییەکی رەوانی جەلال کۆچەر.

***

ئەدەب یان خۆڵ دەکاتەچاوی جەماوەرەوە،یان گیانی خەباتی تیدا دەبزوێنێ و بەرچاوی ڕووناک دەکاتەوە.ئەوەی نووسەرێکی ڕەسەن نەبێت، ناتوانێ بەشداری لە بنیات نانی قەلای ورەی خەڵکیدا بکات، بەلام دەبێ زمانی شیعر لە زمانی وتاردان جیابێ، وەک چۆن تەنیا شێوەی نوێ و هونەری شیعر نا خوڵقێنێ، هەروایش تەنیا لە فیکر شیعر بەرهەم نایەت .

شاعیر دەبێ ئەوەندەی کرنگی بە فیکر دەدا ، ئەوەندەیش بایەخ بە شێوە بدات. چەند گرنگە چی دەڵێی، ئەوەندەیش گرنگە چۆنی دەڵێی، لەم ڕوانگەیەوە بە سەرنجێکی درشتی شیعرەکانی دلزار دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو زمانەی دلزار زوربەی شیعرەکانی پێ نووسیوە زیاتر لە زمانی خوتبەدانەوە نزیکترە وەک لە زمانی شیعر، زیاتر لە زمانی کادر دەچێ وەک لە شاعیر .

مەحموود دەروێش دوانزە سالێک لەمەو بەر دەڵێ :« شیعری پێشووم هاوارێکی رووکەشە .»(٢٢). ئەگەر بێ لایەنانە سەرنجی شیعرەکانی دلزار بدەین ئەوا زۆربەیان دەنگدانەوەی هاوارەکانی حیزبی شیوعین.

وردە شەپۆلی سەر گۆلاوی مەند
بەسروەی نەسیم
ئەڵێی زرێیە دەستی هونەرمەند
ئەی چنێ لەسیم (٢٣)

بەلای منەوە ئەمە یەکێکە لەوێنە شیعرییە ناسکانەی بەدەگمەن لەشیعری دلزار دا بەرچاو دەکەون .

ئەو سەردەمەی دلزار شیعری تێدا گوتووە و پێشتریش، شتێکی ئاسایی بووە، شاعیرێک شیعرێکی گوتبێ و شیعرەکەی شاعیرێکی تریشی بزواند بێ:

گۆڕاوم، بەڵێ ئەبێ پێی لێ نێم
کەمن گۆراوم
عەشقت وەک جاران تەئسیر ناکا تێم
ئەی نووری چاوم (٢٤)

ئەم هۆنراوەیە کە گۆران کردوویە بە کوردی، بێکەسیشی جوولاندووەو شیعرێکی لە لە سەر هەمان شێوە بەلام بەناوەڕۆکێکی جیاوازەوە پێ گوتووە، دلزاریش پەیڕەوی ئەم نەریتە شیعرییەی کردووە. وای بۆ دەچم چ لەسەردەمی ژیانی گۆرانداو چ پاش خۆي، شاعیرێکی کورد نەبووەو نییە، کاریگەرێتی گۆرانی پێوە دیار نەبێ، ئەم بۆ چوونە دلزاریش دەگرێتەوە، ئەوەتا دەڵێ :« لەدووی ئایاری ١٩٥٣ دا کۆمەڵێ لە شیعرەکانی خۆم بۆ گۆران خوێندەوە،هەندێ دێڕی بۆ ڕاست کردمەوە و بۆ درێژەدان بەشیعر نووسین هانی دام .......گۆران پێش هەموو شتێک شاعیری خۆشەویستی و جوانی بوو،هۆنراوە عاتفییەکانی نایابترین شیعرن بە زمانی کوردی نووسرابێتن.(٢٥)

پایز پایز
بووکی پرچ زەرد
من مات تۆ زیز
هەردوو هاو دەرد

***



www.arsivakurd.org



بەرلینەوە،بۆ لافاوەکەی سلێمانی ،بۆ ڕاپەڕینەکانی‌کانوون‌و تشرین ومانگرتنەکەی گاورباغی .

دڵزار لە ژیانیدا گەلێ تالاوی نۆشیوە و قوڕو چڵپاوی ڕێگەی سەختی خەبات بەدوایێنیدا هەڵپژاوە و هەژاری وڕاونان و زیندان‌و ئەشکەنجە،سەریان پێ نەوی نەکردووە ،ئەو ڕێگەیەی هەڵی بژاردووە، هەرگیز لێی لانەداوە ،هەمیشە شوێن هەنگاوی حیزبی شیوعی کەوتووە، شوێن کەوتنەکەیشی لە بڕوا هێنانی خودی خۆیەوە بووە بە سیاسەتی حیزبەکەی ، نەک لە پیناوی دەستکەوتی تایبەتیدا، نزیکەی نیو سەدەیە مولتەزیمە، بە هەموو مانای وشەکە .

دڵزار وە ک بە شیعرەکانییەوە دیارە خۆشەویستییەکی بێ سنووری بۆ گەلی کورد و ولاتی کوردستان هەبووە، شیعرەکانی گەواهی ئەوەیشی بۆ دەدەن کە خاوەنی هەستێکی نێو نەتەوەیي بووە. پێم وایە ئەوەی وەفا وخۆشەویستی بۆ گەلەکەی خۆی نەبێ، بۆ گەلانی تریشی نابێ،ئەوەی هەست بە ئازاری گەلانی تر نەکا، هەست بەئازاری گەلەکەی خۆیشی ناکا.

یەکێ لەو سیاسەتانەی تا ئێستا بارتە کۆمۆنیست و نا کۆمۆنیستەجۆر بە جۆرەکان ڕەچاویان کردووە، تاک پەرستی بووە ،ئەوەندەی پێیان کرابێ لەبایەخی جەماوەریان کەم کردۆتەوە و گرنگییان بە ڕۆڵی ئەفسانەیی تاکە کەس داوە ،ئەم سیاسەتەهەڵەیە کەم و زۆر کاریگەرێتی لەسەر هەر یەکێکمان بەجێ هێشتووە ،دڵزاریش لەو کاریگەرێتییە قوتاری نەبووە ،لە گەلێ لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بەڕۆلی مارکس و ئەنگڵس و لێنین و ستالین و ماو و فەهد داوە، ئەگەر چی ئەوانیش مرۆڤ بوون و لە هەڵە و کەم‌و کووڕی بەدەر نەبوون ،تەنانەت لێنینیش لەسەردەمی دەسەلاتیدا کەوتۆتە هەڵەوەو وقەسابخانەکەی کرۆنشتاتی [12] ساڵی ١٩٢١ بەلگەیەکی ڕەت نەکراوەیە بۆ ئەم ڕاستییە. ستالین وەک ئێستا لە سۆڤییەتیش نکۆوڵی لێ ناکرێ یەکی بووە لە دیکتاتۆرە مەزنەکان . مارکس و ئەنگڵس ، هەرگیز لەگەل ئەوەدا نەبوون وەک ئینجیل سەرنجی بەرهەمەکانیان بدرێ و تەنانەت خۆیان بە چاوی ڕە خنەوە سەیری بەرهەم و ڕەفتاری پێشووی خۆیانیان کردووە و دژی تاک پەرستی بوون .

من تاوانی بانگەشە کردن بۆ تاک پەرستی ناخەمە پاڵ دڵزار و ئەویش بە یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو سیاسەتە چەوتە دەزانم کە لە جیهاندا زاڵ بووە .

د.جەمشید حەیدەری دەڵێ : « سیانزە ساڵ لە سۆڤییەت ژیاوم وپەیوەندیم زۆر باش بووە لە گەڵ کوردەکانی سۆڤییەت، بەلام زۆر ڕاستی کە ئەمڕۆ زانیومە، ئەوسا نەمزانی بوو،چونکە برا کوردەکان نەیانتوانیوە باسی بکەن . »[13] . ئیتر دڵزارێک لە کۆیەوە، یان لە بەندیخانەی کووتەوە چۆن گلەیی دێتەسەر ؟ ئەو بۆ چوونە ڕاستەی د.جەمشید پەردە لەسەر ئەو تیرۆرە سەخت و بێ وێنەیە هەڵ دەداتەوە کە لەسۆڤییەتدا هەبووە. دەولەت کارێکی کردووە کوردێ نەوێرێ رازێکی دڵی خۆی بۆ کوردێکی تر دەربڕێ .

هەنریش مان دەڵێ:« جا کێ هەیە دەسەلاْت بگرێتە دەست و نەبێتە زۆردار ؟ »[14]. بەلای منەوە ستالین و چاوشیسکۆ کە وەک مۆسۆلینی و فرانکۆ دیکتاتۆر ئاسا ڕەفتاریان کردووە کرۆکی مەسەلەکە ئەوە بووە دەستیان لە دەولەت گیر بووە و ویستوویانە دەوڵەت وەک شتێکی پیرۆز بە نەمری بمێنێتەوە ،ئەوەی خۆی لەسەر لوتکەی هەرەمی دەولەت بینیبیەوە، هەرکەسێ بێ، دەبێتە دیکتاتۆر. ئیتر ئاشی دەوڵەت ئیشی خۆی دەکا وچەقەنەیش دەموودانی خۆی دەشکێنێ، پێم وایە لەمێژە کاتی ئەوە بەسەر چووە شاعیر ببێتە چەقەنە لە ئاشی حیزب و دەوڵە تاندا .

لەناو قووڵایی زیندانا سلاوی گەرمی تێکۆشین
ئەکەین پێشکەش بە حیزبی ماو و سەرپاکی گەلانی چین (١٥)

هەروەها دڵزار دەڵێ :

ئێستە پاشی شۆرشی گەورەی لێنین
دوای ڕمانی هیتلەر ونازی بەزین
پاشی دامەزرانی یاسای بەرزی چین
هەر وەکو بورکانەسەرپاکی زەمین (١٦)

من نکۆوڵی لەڕۆڵی تاکەکەس ناکەم، بەلام ڕۆڵی کاریگەر وکاربڕ، جەماوەر دەیبینێ، تاکەکەس بەبێ جەماوەر هیچی پێ ناکرێ وهەموو گۆڕانکارییە گرنگەکان جەماوەر ئەنجامی داون، ئەگەر کرێکارانی ڕووسیا ڕانەپەڕینایە لێنین لەدۆنکیشۆتێکی بەستە

دڵزار

# دڵێکی ناسک

# ژیانێکی دژوار

حەمە سەعید حەسەن

(ئەوی سەبارەت بەرهەمی نووسەرێک دەنووسێ،دەبێ ئەو سەردەمە لەبەرچاو بگرێ،کە بەرهەمەکەی تێدا لە دایکبووە،نابێ لە روانگەی ئەمرۆوە سەرنجی دوێنێ بدات .)گەلێ جار ئەم بۆ چوونەم بەرچاوکەوتوە بەلام بەلای منەوە ئەمە تێروانینێکی یەک لایەنییە ،من وەک سەردەم ودەوروبەری لە دایکبوونی بەرهەمەکە ڕەچاو دەکەم، هەروایش بەدیدی ئەمرۆوە سەرنجی دوێنی دەدەم و چاویش لە داهاتوو دەبرم. ڕاستە لەسەر بەرهەمی سەردەمێکی پێشوو دەنووسم،بەلام پێم ناکرێ بیروڕای ئەمڕۆم دەرنەبڕم وبیر لە داهاتوویش نەکەمەوە .

ناتوانم لە سەرەتای ساڵی ۱۹۹۰دا بەوشێوەیە لەسەر دڵزار بنووسم کە لە ساڵی ۱۹٤۳دا فایەق بێکەس لەسەر کاردۆخی[١] وهەردی لە سەر مەدهۆشی نووسیوە[٢]،یان بەو شێوازەی محەمەد توفیق وردی [٣] وعزالدین مستەفا رەسووڵ باسیان لە دڵزار کردووە

بەگیانی فەهدو خوێنی شەهیدان
ناوەستین لەرێی سەربەستی ژیان
بەتێکۆشان و شۆڕشی خوێنین
بەر نادەین رێگای مارکس ولێنین [٥]

یەک دوو ساڵێک دوای چواردەی تەمووز،لەگەڕەکی کانیشڤانی هەلەبجە، لەسەر لقێکی دارتووەکەی حەوشەکەمان نیشتبوومەوە و ئەو شیعرەم لەبەر دەگوتەوە، باوکم لەبەر ئەوەی دەیزانی مارکس و لێنین بروایان بەخوا نییەو پێش هەموو شتێکیش خوا پەرست بوو، لەسەر ئەو شیعرە دارکارییەکی چاکی کردم. وەنەبێ لافی ئەوە لێ بدەم،هەر لە منداڵییەوە هەستم بە چەوسانەوەی چینایەتی کردووە ،بەلکو ئەو سەردەمە نزیکەی هەموو هەلەبجە گۆرانییان بۆ قاسم و حیزبی شیوعی دەگوت، منیش دوای قەلەباڵغی کەتبووم ولاسایی زۆربەم دەکردەوە. ئاشنایەتیم لە گەڵ شیعری دڵزاردا بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە .

لەم نووسینەدا هەر دوو کۆمەڵە شیعری « ئاوازی ئاشتی » و « خەبات و ژیان» بەسەر دەکەمەوە و وەک گوتم بە لە بەرچاو گرتنی سەردەمی سەرهەڵدانی شیعرەکان ولە روانگەی ئێستامەوە سەرنجێکی خێرای ناوەرۆک و شێوەی شیعرەکانی دڵزار دەدەم .مایەی داخە «گەنجینە» کە بەشێکە لەچوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی و دڵزار لە لوڕییەوە بۆ کرمانجی خوارووی وەرگێراوە لەبەر دەستمدا نییە،ئەگینا کەم و زۆر بیروڕای خۆم لە سەر ئەویش دەردەبڕی .

کوردستان جوانی،ئێجگار شیرینی
بێ شک بەهەشتی سەر رووی زەمینی
......
خاکی پیرۆزی زازا و سۆرانی
ڕاوگە و هەوارگەی لوڕ و گۆرانی
جێی ئەردەلانی [٦]

لێرەدا تەنیا ئەوەندە دەلێم ئەگەرچی گەلێ مێژوو نووس و نووسەری کورد ، وەک شەرفخانی بەدلیسی و علاءالدین سجادی و د.عزالدین مستەفا رەسووڵ و ... دڵزاریش لوڕییان بە دیالێکتێکی کوردی لە قەلەم داوە، بەلام د.کەمال فوئاد دەڵێ: (لوڕی زمانێکی سەربەخۆیە، نە فارسی یە، نە کوردی .) [٧]

دەبێ ئەوەیش بلێم دڵزار چامەکەی مایکۆفسکی (ڤلادیمیر لێنین) یشی وەرگێراوەتە سەر کوردی، بەلام دەستم بەویشدا نەگەیشت. دەلێن دەنکە شقارتەی سوێندی بەپاکەتەکەی خۆی نەبێ داناگیرسێ [٨]،شیعری دڵزاریش لە حیزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعیش لە شیعری دڵزار جیا نا کرێنەوە .دڵزار دەڵێ:(ئەوەی شارەزای مارکسیزم-لێنینیزم نەبێ، ناتوانێ شتێکی بەکەلک بنووسێ .)[٩]، هەر بۆیە ڕوانگەی حیزبەکەی بۆئەو فەلسەفەیە باڵی بەسەر بەشێکی زۆری شیعرەکانییدا کێشاوە. لەدێڕەکانی یەکەمی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستدا مارکس و ئەنگلس دەلێن :«تا ئەمرۆ مێژووی نووسراوەی هەموو کۆمەڵگا یەک بریتی بووە لە خەباتی نێوان چینەکان، ئازادو کۆیلە،خانەدان و ڕەشە خەلک ،بەگ و کۆیلەی زەوی ،وەستا و شاگرد ،بەکورتی چەوسێنەران وچەوساوەکان هەمیشە لە ناکۆکیدا بوون و جەنگێکی بەردەوام،گا بەئاشکرا، گا بەنهێنی لەنێوانیاندا هەبووە» دڵزاریش لە هۆنراوە ی (یەکی ئایار)دا دەڵێ:

هەر لەرۆژایی کەوا ڕەنج خۆر و رەنجبەر هاتە ناو
ململانێی چینی پەیدا بوو گەلێ توندو بەتاو
گا لەبەینی رەنجبەرو خاوەن زەوی و زار وبەراو
گا لەبەینی کارگەران و خاوەنی کارو دراو
ئەم لەڕێگەی نان و ئازادی،لەڕێی خۆشی ژیان

ئەو لەپێناو خوێن مژینی رەنجبەری بێ بەرگ و نان. [١٠]

دلزار سێ ساڵی ژیانی[١١] لە بەندیخانەکانی کووت و هەولێرو بەغدادا بەسەر بردووە،بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی لەو زیندانانەوە نووسیوەو زۆر بەیان دەکەونە خانەی شیعری بۆنەوە، دڵزار بۆنە بوێری نەکردووە ،ئەگەر چی شیعر پێویستە پێشبینی ڕووداوەکان بکات بەلام ئەو بەدوای هەموو ڕووداوە گرنگەکاندا شیعری گوتوە :بۆ شۆرشی ئۆکتۆبەر،سەرکەوتنی چین ،یادی شۆڕشی فەرەنسا، نەورۆز، هەرەسی نازیزم،یادی دامەزراندنی سوپای سوور ، جەژنی ئایار، لەسێدارەدانی فەهد و حازم و صارم ،بەبۆنەی خۆبەدەست دانی ژاپۆنەوە، بۆ هێرشە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ١٩٥٦ کرایە سەر میسر،بەبۆنەی ئازاد کردنی

www.arsivakurdi.org

سەیرە! ئیمرۆکەلە پارشیوێ دەنگی تۆپان بێپسانەوە لەنزیک ئاوایەکەی ئێمەرادێ.دەنگی رمبەوگرمەی ئەو تۆپانەی ئێستا دێن هیچ وەک هی سەعاتێک بەرناچن؟خۆ گوێشم لەبەر شەو نەخونی وبێ سیغاریش نەگیراوە.دوور نییە تۆپەکان پیر بووبن ودەنگیان گۆرابێ، پێتان سەیر نەبێ تۆپەکانیش سواون،چونکە لەوکاتەوە تۆپ داهاتووە ، ئەو سەرئاخەی ئێمەی پێ دەتەپێنەوە!

ئاوایم لێ نزیک بووە.ئەو دوکەلە شینەی دەوران پشتی ئاوایی داپۆ شیوە،هیچ وەک دووکەڵی تەندووران ناچێ؟ بۆنێکی تیژیش گەروم دەکزێنێتەوە، پێم وایە سەرمای شەوێ کاری لێ کردبم .بەو حاڵە ئەگەر زوو بگەمەوە ماڵێو چایەکی گەرم بخۆمەوە، دەرد و عەلەمم لێ دەبرێ .

ئەوەبۆ ئەو پیرەژنەی خێزانم منالەکانی بە پیرمەوە نەهینا ؟نابابە گەروم زۆر دەبرژێتەوە و دەروونم قوڵیان دەدا! بە ئەستوی ورد بووم،دڵم نەهات دوو دەنک لەو نوقلەسوورانەی بۆ منالەکانم کریوە باوێمە زاری ،دەنا دلم وا هەرتێک نەدەهالا.

تۆپبارانی ئەم بەیانیە زۆر بێ رەزایە ! نەکا نورەی راگواستنی ئەم یەک دوو گوندانەی ئەم دەورویەرە هاتبێ؟ نەخێر ناوێرن! وەللاهی هەتا پێشمەرگەیەک بەولاپالانەوە مابێ قەت وا بەهاسانی ناتوانن هەنگاو بنێنە ئەم چروبەندەنانە!

ئاخ گەروم چەند دەکزێتەوە ! سەریشم لە گێژەوەی دێ و ئاوم بە چاوانەوە گیرنابێ‌سەیرە! خۆ چاوم ریشکەو پێشکە ناکا،باشە،ئەو عالەمە نێو ئاوایی بۆ چی واتێک داوین ؟ئەو هەستان وکەوتنەوەیان لەچی‌یە؟

هاها!! ئەوە بەرخۆلەکانی من نەنکیان بەدوایانەوە و بەپیرمەوە دێن . کورەپەلەی مەکەن ! چاوتان لە پێشەخۆتان بێ نەکەون! راوەستن راوەستن! ئەوەگەیشتمێ . حەک بابە گەورەتان لەسەر گەرێ! کورەشەماڵ ئەوە بۆ دەستی سروەی ناگری؟ دەستی بگرە! هۆی‌خەجێ! بەملی شکاوت بگەیەو مەهێلە ئەو مندالانە هێندە بە هەردی دابکەون! پەلەی مەکەن! ئەوەگەیشتمێ. شیرنیات و نوقلی سووریشم بۆ هیناون. زۆرم شت بۆ کریون.بۆ سروەی کولێنجەیەکی پوولەکە دارم کریوە.کورە شەماڵ پەلەی مەکە!دەکەوی نەمگوت؟ لەنەگەبەتیان قاچم بەدوادا ناکشێ، کە زوو خۆبگەیەنمە لای ئەو بەستەزمانانە، تاکوو نەکەوتوون وبەلا یەکیان بەسەر خۆیان نەهیناوە ، قەت دەبینی لەو بستەرێگایەدا دەجار پترسەرەن گرێ بوون ؟ ئایئای ! ئەدی بۆ پیرەژن بەدوایانەوە،بەهەردەوە مەلاس بوو؟ رەنگە خەرفابێ و بەسەر پیری بیەوێ باو باوێنم لەگەڵ بکا! ئەدی ئەو عالەمە بۆ وادەکەن ؟ خۆ بێجگەلە دەنگی تۆپان و دووکەڵ هیچ شتێک دیار نییە ؟نانا! هاهاها! ئەوەگوللە تۆپێک لەنزیک منالەکەنم دەوت. دەی خوایە بیان پارێزە! هاوار! هاوار! ئای لەمالی وێرانم ! ئاوی ئەژنۆیانم وشک بووەناگەسەریان. کورە خۆ جریوەی پەلەوران برا و دەنگ و سەدا لەهیچ کەسێک نابیستری؟! قوری‌دنیام وەسەری! خۆ بێچوولە نازدارەکانم هەر بە یەکجاری بەهەردەوە مەلۆس بوون . ئەوەگەیشتمێ، ئای لەخۆم لێقەومای ! ئەوە بۆچی بەرخۆلەکانی من چاویان زەق وملیان بەلارەوە ناوە؟! ئای خنکام! حنکام! کچێ هۆی خەجێ وزینەتێ ! زوو بگەنێ و بزانن، ئەوە بۆچی ئەو منالانە وایان لێهات؟! ئای خنکام ! کچێ ئەوە بەهاوارمەوەنایێن؟! ئەی هاوار وداد ! هەرد بۆ ناقەڵەشی و ئاسمان بۆ خوێن ناگری ؟! ئای لەو بێ عەداڵەتیە ولەو بێ ویژدانیە ! رۆلەکانم راست بنەوە ! نۆقلی سوور،جلی جوان و کەڵ و پەلی‌کایەپێ کردنم بۆ هیناون . دەوەرنەباوەشم با تێردەمتان بە دەمێیەوە نیم و پربەسیەکانم بۆنی خۆشتان هەلمژم! هەر چەند هەناسەتان سارده،بەلام بەهاناسەی ساردتان دەرونم وەک کورەی ئاسنگەری دەدەمێتەوە و ئاگریکی وا بەتینی لە بە رزدەبیتەوە ، کەدلانی وەک بەردی سارد ورەقی پێدەتوێنێتەوە........

ئاهای خەلکینە!! مەگەر نازانن ئەوە بەهارەو کاتی ژیانەوەیە و ئیمرۆ وسبەیەک جێژنی ئێمەی کوردانە! وەرن سەیرکەن !چون حاکم زووحاک سەر چۆپی کێشی‌دیلانی ئەو نەورۆزەمانە! وەرن! وەرن! سەیرکەن! چۆن منالە خوێن مەیوەکانمان .،چاوی زەقیان لە و دیلانە بریوە و داوا لە دەنگ خۆشان دەکەن، کەکارەساتی ئەم جیژنە مانە لەبیر نەکەن و هەموو سالی لەم رۆژەدا بەبەیت و بالۆرە لەسەر لووتکەی چیاکانی ئەم ولاتە لەخوین شەلاڵ بۆە دابیگێرنەوە و بادایکانیش بەلایە لایە وسوزەکەتان بێشکەی کۆرپەکانیانی پێ راژینەوەو ئاخ خنکام!....خنـــــ کـــــا.........م.........

www.arsivakurdi.org

دەرباز کەم.

کۆڵەبارەکەم زۆر قورسە، سەر باقی ئەویش حوکمی چاوەکانم نەماوە وئەوە لەبرسانیش هاردەبم. خۆ ئەگەر هاتباو پەلکێک نان و چایەکم خواردبایەوە،یە کجاروا بێ تاقەت نەدەبووم‌و تاریکی لەپێشم‌وەک‌دیوارێکی لێ‌نەدەهات،ئەگەر، ناچاری و دەست کورتی نەبوایە .ئێستا سەگ لەکونێ نایەتەدەر. بروانە! قەت بووە بێجگەلە من، حەیوانەکێویش بەدەرەوە دیاربێ؟ ئەگەر بەشەرحیش بێ‌سەفەر لەتاریکایی دا دروست نییە، بەڵام پیاو هەتا نەمرێ نازانێ چی بەسەر دێ.دەنا کوا بۆمن‌هاتوە بەسەری پیری و کوێرەکوێر، بەو نیوە شەوە هەلوەدای شاخ و بەندەنان بم.ئێستاش ناتوانم درێژە بەرێگایەکە م بدەم ، واباشە تاکوو هەوا نەختێک روون دە بێتەوە ،لەپەنا بەردێک هەلتوتەکێم و جا ئینجا وەرێ کەومەوە .«حیسابم لەدەست چوتەدەر و لێم روون نییە چەند رۆژ بۆ نەوروز ماوە. مەگەر دەردوخەم دێلێ پیاو هۆشی بێتەوە بەرخۆی؟بابم لە وڵاتی‌ئێمە شایی و خۆشی هەڵگیراوە و کەس لە فکری شایی وخۆشی دا نەماوە ! ساڵان هەرکە حەوتوویەک دەما بۆ نەوروزێ، عالەم وێکرا دە کەوتنە تەدارەک. کورو کاڵ بۆ هەتەرێ ومەتەرێ و سەربانان دەکەوتن بەرۆژیش هێلکەیان سوور دەکرد و پێکەوە خەریکی هێلکە شکێنە دەبوون. ئێوارەی شەوی نەوروزێ لە سەر بەرزایەکان ئاگري نەوروزیان هەڵدەکرد وبۆ رۆژی جێژنەش دارا ونەدار جلی تازەو رەنگاورەنگیان دەبەر دەکرد. هەرکەس لە ماڵی خۆي برینجی لێدەنا وبۆنی پلاوی بەرۆنی خۆ ماڵی ولاتی دادەگرت.بەڵام لەم سەردەمەدا چی ؟ بابم عالەم لەبەرلێقەوماوی خۆیان ئاگایان لەهەموو خۆشی دنیابەبراوە.!

هەوا کەساردو هەرد تەر، تەزووی سەرما لە ئێسقانم کاردەکا.خۆ ئەگەر سیغارێکم هەبایە و کێشا بام، نەختێک هۆشم دەهاتەوە بەر خۆ. پیاوی سیغارەکێش سیغاری بەلاوە لەنان و ئاو کرنگترە.هەرچەندپاش یەک دوو سەعاتی دیکە ئەستێرەی بەیانی دەنگویی و ولات رووناک دەبێتەوە جا ئەو جار پیاو دەتوانێ دۆست و دوژمن لێک جیا بکاتەوە و وەرێ کەوێ.ئێستاش دەترسم‌ئەوپەلەپەلە بە پەلێکمەوە کا. برا!کەس کەس نییە ،لەوانەیە پیاو لەنەکاو بەگوللەیەکی خوێری و بەرەڵلا گیانی بە فیرۆ بچێ. هەر چەند لەم‌تەمەنەدا لە مەرگ ناترسم ، چونکە من هەر مردوو یەکی بەپێوەراوستاوەم ! ئەگەربە خاتری ژن ومنداڵی رەشیدی نەبوایە مردن ئاواتم بوو...ئای باوکە گیان چەندم شایی بەو دوو تفلانەی رەشیدە ! ئەوەندەی ئەولادو شیرنە،سەد بەرامبەر نەوە شیرنترە . خۆ ئەگەر سوالم کردبێ هەر دووکیان وەبەر خوێندنێ دەنێم و ناهێلم بە هیچ جۆرێکی دەردی بێ باوکی بچێژن .

رۆژ سەری لە ئاسۆی وەدەرنا، ئێستا وەختە مناڵەکانیش لە خەو راپەرین. سروەخان بەر لە نەنکی لە خەو هەڵدەستێ ،بەلام شەماڵەکەم کەمێک‌خەو خەو وقونگرانە.دەبێ هەموو بەیانیان سەعاتێک زیاتر دەست بەسەر و کونلاکی دابێنێ و تاکوو لەخەو هەلیبستێنی‌شەوانەش خۆ پیاوی گێژدەکا، کە ئەوەندەی حەقایەتانمان پێ بگێرێتەوە .باوەر بکەن، حەقایەتی وایە پتر لەسەد چەلی بەنەنکی گێراوەتەوە . لەگەڵ ئەوەش هەرکەکاتی‌خەوتن داهات، زوو دەخزێتە نێو باخەلی یەکمان ودەست پێ دەکاتەوە دەی باپیرە! دەی نەنەگیان بزنۆکەو مەرۆکەم بۆ بگێرەوە ! نانا! مام هۆمەری بن کەندیت لە بیر نەچێ؟ خۆزگە بەخۆیان چاک نیە ئێستا لە دەردو خەمی زەمانە ناگەن و نازانن چ باسە.

ئەوەئاوایشم لێ وەدەرکەوت،تاکوو من بە پیرەپیرە دەگەمەوە ماڵێ مناڵەکانیش لەنان وچای بەیانی دەبنەوە. لەوانەشە نەنکیان بە پیرمیانەوە بێنێ . چونکە ئەو عادەتی من باش دەزانێ، کەبەشەو لەهیچ جێگایەک گیرنابم، مەگەر ناچار بم دەنا بۆ بەیانیش بێ خۆ هەر دەگە یەنمەوە ماڵێ. ئێشتیای نانم بەسەر چووە، بەلام تامی زارم ناخۆشە و تەنیا ئێشتیام لە پیالەیەک چاومژێک سیغارە، لە حەق نەگوزەرێن،بۆنی شینکە و گیا و گۆلی تزیکە بەهارێ، لەگەل جریوەو جووکەی پەلەوەران، لەنێو ئەوپەسار و نەزارانەدا رووح وەبەر مردوان دەێنێ. خۆماشاللا رەپستەی ئەوساڵەمان، ئەگەر بۆ بەهارێ بارانەی بێ قیامەتی دەکا . بەزیاد بێ! هەر نان وتۆکەمانی لێ وەدەرخەین شوکرانە بژێرین. ئەی لەو ساڵە خۆشە!اوێدەچێ بەهاری ئیمسالمان بەرسق بێ . بەلکوو روحمی خوای لەگەل بێ ،بەهاری ئەوساڵەمان ببێ بەبەهاری ئازادی کوا خوا کارێکی وامان لەگەڵ دەکا، کە لەو نەگبەتو چارەرەشی‌یە رزگارمان کا!

www.arsivakurdi.org

ئەوەیە دەڵێن :«گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ.»
ئاخ پیری ماڵت ویران بێ !لەم چەند ساڵانەی ئاخری‌دا بەتەواوی لەهێز و توانات‌خستم، بێتوو هەروا برۆمەپێش، عومرێکی درێژ بڕ ناکەم .ئەی بابم دەردی من هەرتەنیا پیری نییە،بەڵکوو دەردی بێکەسی لەویش گرانترە .ساڵان باش بوو برە بەرەشید و ژنەکەی بوو ،دەمان‌گوت لەکاتی پیری وکەنەفتی‌دا دەستمان دەگرن، بەڵام ئێستا چی؟! خوایە هەڵینەگری ! خوایە تەختی ئەو پیاوکوژانە وەرگێڕی! بابم ئینسان کوشتن و کورد تاڵان کردن هەر وەک ئاو خواردنەوەی لێ هاتووە! هیچ خەراپەیەکی سەر ئەو دنیایە نەما دەرحەق بە ئێمەی نەکەن ، تەنیا ئەوە ماوە ڕۆژێک بێن هەموومان بگرن و بمان بەن لەدەریامان هاوێن ودەرخواردی ماسییانمان دەن . پەکوو لەو هەموو زوڵمە ! جا کوردە ماڵ ویرانەکە سەری خۆتان بۆ کوێ دەبەن؟ئەوەحەوتوویەک نابێ سەدان ماڵیان بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووتداکاول کردو تەنانەت زیندەوەریشیان پێ نە هێشتن ، لە سەر ئەو دنیا بەرینە کەس گوێشی پێی نەبزوت‌وتەنانەت چەرخیش بەئاخ و ناڵەیانە وەنەوەستا.هیچ دوورنییە، کەرۆژێکیش کوت و پڕ بەسەر ئەو چەند ماڵەی‌گوندەکەی ئێمەش داندەدەن و خانووەقورماویەکانمان بەسەردا نەتەپێنن. ئەو کات مردن سەد بەرانبەر لەژین خۆشترە،بەس نییە کەمردین لەسەر خاکی خۆمان چاڵ دەکرێین و یەکی بستەخاکێکمان پێ دەبرێ!

پشتم زۆر دێشێ و قاچم لەدوو نایە . ئەگەر لادەمە قاوەخانێک ، چایەکی گەرم بخۆمەوەو سیغارێکیش بکێشم، پشوویەکم دێتەوە بەر، بەڵام نا! دەبێ لەپێشدا شروشالاتی پێویستی ماڵێ و دیاری بەرخۆڵەکانم بەتەواوی بکرم،جا ئینجا. وا دیارەپارەشم هێندەپێ نەماوە؟ دەوروزەمانەکەش گۆڕاوە، باش بوو ساڵان لەلای تاجر و توجاری شاران برە ئیعتبارێکمان هەبوو، بۆ هیچ دانەدەماین وتا سەری حاسلاتێ هەموو شتێکیان بەقەرز دەداینێ.بەڵام لەوچاخەدا بەئیعتیباری خەلە وخەرمان و گا جووتمان، مێگەلە مەر، سەگ و شوان و گاو کۆڵمان؟ ئاخر بە ئیعتباری کامیان دەبێ قەرزیشمان‌بدەنێ؟ بابم! مەگەر لەترسی گیانمان دەوێرن سەر هەڵێنن و بە ئاسودەی بەمووچەو مەزراکانمان‌رابگەین. بەو حاڵەش لەپڕدەینی ئەوخوانەناسانە ولاتەکەمان لێ دەکەن بەئاگرستان وتەواوی دارو بەردمان لێ ئاوردەدەن . بابم کەس وەک ئێمە دێ نشینەکانی ئەو مەڵبەندەی لێ نەقەماوە، هەموو ڕەنگ زەردی لای ماڵ ومناڵی خۆمانین، ڕەنگ زەردی لای ماڵ و منداڵ دەردێکی گرانە . زۆریشم برسی یە و ئێشتیام لە چایەکی داخ و سیغارێکە. یارەبی ئەستوی شەیتانی ورد بێ ! نەم کرد لەماڵی قدوولەکەم پرکەم لە تووتن ولانی کەم بێ سیغار نەمابامەوە. سەرەرای هەمووان، بۆ بەدبەختیان بۆن و بەرامی کەبابی ،ئاوێ بەلغاوەی پیاوی‌دا دێنیتەخوار! هیچ سەیر نییە! نان و کەبابی شاران تام و بۆنێکی دیکەی هەیە، پیاو ئەگەر چووەشاران ونان وکەبابی نەخوارد،هەر وەک ئەوەیە، نەچوویێتە شار! هاوار بە ماڵم دەردومەینەتەکە ئەوەندە زۆرەپیاو نازانێ بیر لە کامیان بکاتەوە. واباشە ولامی ورگم نەدە مەوە و لەنەفسی خۆم‌ببرم و ڕووسووری لای خاو خێزانەکەم بم باشترە. ئەی براڵە ! پاش مەرگی ڕەشیدی گوناحباری‌ژنە لیقەوماوەکەشی بووم، ئینسانە و ژنێکی جوان و جحێڵە ! هەرچی بە خەسووەکەی دا لێی‌ڕادەسپێرم، بە لکوو بۆ خۆی مێردێک بکاتەوە . برا بەهیچ لەونێک نایسەلمێنێ و لەوەلامدا دەلێ پاش ڕەشیدی مێرد بەقەبر دەکەمەوە .بلێم چی بابم بەناشکوری نەبێ ژنێشمان لە لەزەتی دنیایە تەمابراون .خۆزکە باخەلم پڕبایە و ئەلێرە دەستی منالەکانم گرتبا و پێکەوە چووباین تێر سەرونان وکەبابێکمان خواردبایە ! بەلام بەبێ ئەوان ئێستا هەنگوێنم بەزاری تاڵە،کوا بەبێ ئەوان شتم لەگەروی دەچێتە خوار .

ڕۆژم لێ درەنگ بووە، ئەگەر دەست و بردێک نەکەم لەفریای چوونەوە ناکەوم و بۆ شەویش پوولی مێوانخانەم نییە. بەئە ستوی شکاوم هێندە فکر لە شتێ دە کەمەوە،تاکوو جێبە شرەی حەمەش بەجێی هێشتم.خۆ لەمە بەولاوە لەترسی ئەو ناجوامێرە خوێنمژانە پەلە وەریش ناوێرێ بۆ لای گوندەکانی ئێمە پەل ببزێوێ . بەلام چارم ناچارە ودەبێ بە پەناو پەسیواندا بۆ شەوێ خۆ هەربگەینمەوە ماڵێ.ئەگەر هەر نەش گەیشتمەوە، هەر چەند تەزووی شەوی ئێستا ساردە، لەپەنا بەردێک تاکوو هەوا ڕووناک دەبێتەوە وچانێک دەدەم.بەلام تەنیا گیری من ئەوەیە،دەبێ لەگەل ئەوەی بوولێل بوو،بەچەشنێک خۆ بەکن پێگەی یەکەمی دوژمندا

www.arsivakurdi.org

چیرۆک

# خنکانـــدن

سیامەند

شار بەیەکجاری لەبەر یەک کشاوەتەوە! سالآن هەر شیرن بوو،لەقاوەخانەی «شینە»ی دانیشتبای و گوێت لەقسەی خۆشی خەڵک راگرتبایە. بەناشکوری نەبێ،هەرچەند ئەو کاتیش عالەم بەشێوەیەکی دیکە دەیان نالآند. لەگەڵ ئەوەش سەد خۆزگە هەر بەو دەمی، بابم زۆلم و زۆری لەو سەو سەردەمەدا لەتام دەرچووە! هەرچی پێدەچێ‌پیاو حەسرەت زیاتر بۆ رابردوو دەخوازێ!

یاخوا کوێربم! بەدوای شەهید بوونی ئەوتاکە کورەمان ، « خەجیێ» دایکی بە جارێک تواوەتەوە و بووەبە قانگلە بەن. سەرباقی بەدەست گریان دێن چاوەکانیشی لە دەست بچن...چ بکا ؟ باشیشەدڵی ناتۆقی ! بەراستی ئێمەمەمانان دڵمان لەبەردیش رەقترە،دەنا دەبوایە پاش مەرگی « رەشید»ی هەردووکمان جێ بەجێ روحمان دەرچووبایە .لەئێمەش هەناسە

« زینەت»ی بووکمە پێش مەرگی مێردەکەی هەردەدتگوت ماینی حدوودە . دەست و مەچەک جوان،کێل کەردن وساردتر چاوگەش،خانمێک بوو لە شۆخ و شەنگێ دا لەونێوەنێوانەدا هاوتای نەبوو.ئەو کابانەگورج گۆڵە،پاش شەهید بوونی رەشیدی‌رەنگی لەبەردا نەماوە و هەردەلێی مەری سەر براوە چاوەکانی لە دوورا زیت دەچن !

یارەبی لەچاوی پیس و بەلآی لا بەلا بەدوورېن! ئەوەی هۆی بەسەر پێوە راوەستانمانە،تەنیا ئەو دووچەنگەمنالآنەی کورەزام « سروە » و «شەماڵە »کەمن. خۆ ئەگەر ئەوانیشمان نەبوایە،ئیدی بۆ هەمیشە چرای ماڵەکەمان دەکوژایەوە .

نێو بازار زۆر قەڵەباڵغە ورێگای رێ داری نیە! سالآن وا نەبوو! خەڵک دەڵیی لەسالی گرانی‌را گەراونەوە ،کەلە هەموو شتێک رۆدین!بابم خەڵک تاوانی نییە،هەموویان لە سەر جێگاو رێگای خۆیان هەڵکەندوونە و راویان ناونە نێو شارەکان. چبکەن؟ قوروەسەرانە هێندیان دابر دابرو رۆژی رەش دیوە، لەترسی پاشەرۆژ ناهێڵن هیچ شتێک وەهەردی کەوخۆزگە هێشتا منالەکانم لە گەڵ بایە وپڕ بە بەری خۆیان بەرگ و پێلاوم بۆ کڕیبانایە !بەستەزمانانەلەکاتی هاتن‌دا هەستیان بەوە کرد بوو دەچم بۆ شار، هەر بۆیە وەک پشیلەی بەدەورمدا هەڵدەسووران و خۆیان رێ دەخشاندم .باش بوو نەنکیان خافلآندنی و ئەمنیش خۆم لێ دزینەوە، دەنا لەو چرو بە دەندەنانەی لای خۆمان بۆم دەر نەدەچوون. بەلام بەخۆم نییە و ئێستا لە سۆیانیان دڵم چەنگێکی لێهاتووە، وا چاکەزوو ماڵەکەم بەکەمو بگەرێمەوەلایان، چونکە لەلای وان نەبێ ناحەسێمەوە.

.بروانە! پێش ئەم جامەیە چەندە شتی رەنگ بەرەنگی بۆمنالان لێ دانراوە. دەبێ ئەو پەرەنگە جوانانە و نەختێکیش زنگیانەبۆ دەست و مەچەکی کیژۆڵە کەی خۆم بکرم ! خۆ ئەگەر سوالم کردبێ ئەو کولێجەپوولەکە دارەشی بۆ هەر دەکرم! جا ئەو کات وەرن سەیری بووکە چینیەکەی من کەن! بەلام بێتوو بۆ سروەخان ئەو گەشتە شتانە بکرم، خۆ بە مەرقە دی کاکە ئەحمەدی،لە شەری شەمالی رزگاریم نایە! باشترە پێشتر لەفکری ئەو دابم .بابم زۆرگیرەیە.

جارێ با لەپێشدا لادەمە دوکانی کوتاڵ فرۆشان و دەستێک جل و بەرگ بۆ بووکەکەم و کراسێکیش بۆپیرێژنەکەم هەڵگرم، بەڵکوو بتوانم جلی رەشیان پێ لەبەر داماڵم بابم! خۆ هەر ئێمەکورمان شەهید نەبووە، کەسەرمانی بۆ لە قورنێن؟ئێمەش سایلی ئەو خەلکە جەرگ سووتاوە. ئەوجار شوکری خوای کورم شوێنەواری کوێرنییە، هیوام ئەوەیە بۆ دەدوازدەسالی دیکە شەمالەکەم جێگای بابی‌خۆی بگرێتەوە. یارەبی ئەوەندی گڵ لەسەر گۆری رەشیدە بەعومری شەمالی زیادبێ!لەگەڵ باوکی هەر دەلێی سێوێکە و قاش‌کراوە!کچیش هەر ئەوەندە چاوت هەڵێنا، بۆ خۆی گەورە دەبێ. لەچاوی پیس بەدوور بێ!سروەم زۆر ژیکەڵەیە و ئەگەر جلی جوانی لەبەرکەی ئیدی دەبێتە تاوس.

مخابن کور کوژران زۆر سەختە و پیاو وەک ژنی کەوان وێک دێنێ،منیش پیر بووم و توانام لە بەردانەماوە، دەنا نەم دەهێشت چەکی رەشیدی بکەوێ ...چ بکەم پیری چی لەکەڵ نایە! بەلآم لەوە دلنیام،شەمالّ شوێنی باب و باپیری خۆی دەگریتەبەر.چونکە رەشیدیش هەر چاوی لەمن کرد.

www.arsivakurdi.org

## چیرۆکا گوندێ من

ل گوندێ من
هەبوون موختار

نەئێک و دوو
نەسێ و چار
تاخ و زەڤی
ل سەر خوەدا
دابەش کردن
کرن مشار
هەر مشارەکێ
موختارەکی دەرامەت و
بەرهەم ژێ دخار
برسی دمان
زەحمەتکێش و خەلکێ هەژار ..
گەر جارەکێ
پرسیار کر با
کا چ مایە ئەم د برسینە
مە چ نەخار
دابێژنێ: خو بگرن هندەئەڤسالێ
دێ بێت بهار ..
کەسەک نەبوو
لێ بکەت پرسیار
تا سالەکێ بسەردا هاتی
زستانەک و سەرمایە کا
گەلەک دژوار...
بێ دەنگی بێ بسەردا گرن
لێ نە هێلا دەنگ و هەوار
کوندی پێکەڤە ژێ دەرکە فتن
بشێن و زێمار
ماڤە گوندەک بێ کاڤل و
بێ شینەوار
زەڤی هەمی مانە بەیار ..
ژ نوی گوندی
بخوە حەسیان
پێکڤە گوتن:
بمرن کەد خار

فەهمی مایی

## شەپۆل

زستان بوو باران لیزمەی دەهات، منیش لە قوژبنی ژوورەکەمدا هەڵ تروشکابووم ولەو ساتەدا لەسەنگەری ژینمدا بووم. لەکەنار دەریای بیرەوە رێمدا وازیم دەکرد.

کۆترەشینکەی خەیاڵم لە شەقەی باڵی دا و لە ئاسمانی بەرینداا دەورانی دەکرد، لەناکاودا شەپۆلی غەم هەڵی کردوو شاڵاوی درندانەی بۆ برد.

فلیمی داستانی بیرەوەریم کەوتە گەڕ، بارانیش تا دەهات زیاتر شەستەی دەکرد و خورەخوری بارانا و چۆراوگەی گوێ سەبانەکانیش وەک مۆسیقای(تصویری) ببوە سەمفۆنیایەک زیاتر زەمینەی خەیاڵی خۆش دەکردم.

بێ دەنگی خۆم و ژوورەکەم زنیای لێ کرد بوومەکابوسێکی زۆر مەزن، بۆ نەگبەتی لەوەشی زیاتر گەر دەلولی غەم هەڵی کرد چوار دەورەی لێکردم بەتاریکی زۆر ترسناک، درکە زەردەی ئەو ناوە گشتی بە روومدا هەڵچەقی، هاوارم کرد پڕ بەدەنگم بەڵام داخی گرانم کەس نەبوو گوێی لێرا بگرێت. دیمەنی رۆمانتیکی بیرم زیاتر دەبوو،مەلی خەیاڵم زیاتر لەشەقەی باڵی دەداو خۆشم تا دەهاتم زیاتر کزۆڵەم دەکرد لە شوێنەکەمدا. لەراستیشدا تا بلێی دانیشتنم باس و شی کردنەوەی دەروونم بوو.

لەو کاتەدا دانیشتنی لەوێ بوایە ریشەی فلچەی لە کار بوایە قەشەنگتر دەبوو لەو تابلۆ یانەی نیگاری کردوە و بەجێماوە، سەرمایەدارەبزێوەکان بەهەگبەی پڕ دۆلارەوە بەرەو نمایشتگاکەی دەرۆیشتن بۆ کڕینی تابلۆکەی ویژدانی من.

ئەی بۆ ڤیکتۆر هیکۆ یان مەکسیم گۆرکی یان .....،ئەیان نووسیانە لەسەر ئەو دیمەنەی گشت مرۆڤێکی ئازادخوازو ژێر دە ستەو نامۆی خەفەت بیکردایەیە رۆمانێک بەگشت زمان وەرگێر درابە.

ئەی ئەوانەی لەخەمدان و تیایدا دەژین هەوڵ بدەن تێبکۆشن دەرباز بین لەو زیندانە.

دسان خەیاڵ هات و جارێکی تر بەرز فریەوە لەناکاودا هاوار زریکەی زۆر بلند گوێمی پڕ کرد و رایچڵەکاندم و منیش بە پرتاو بەرەو پیری چۆوم!!

شەپۆلی ئازادی بەلەمی شەهید هێنا بووا.....

دارا سیڤەر ١٩٨٧

www.arsivakurdi.org

# هۆنراوەیەک بۆ دایکم

رەفیق سابیر

لەگۆرستانی ئەم مەنفایەدا
تەنیا وێنەی تۆم لەتیشک چنیوە..
بەگەرووی نوقمی سەراب و خۆلم
گۆرانی عومرم بۆ تۆ چریوە .
* * *
دایەگیان ڕۆژگار،ڕۆژگاری مەنفا
وەکو منداڵیم کەرووی هەڵێنا..
ڕۆحی هەڵوەدام
هەتا هەتایە
لەنێوشاکەزی و باوەشتا جێما
* * *
وا لەڕۆژانی دوور ولاتیدا
خۆر لەنێو دڵما سێبەر دەچێنێ
ببوورە دایە !
ئەمشەویش ناڵەم وەک خەونێکی تاڵ،
یان وەکو زوقمی گۆڕەسرەکەت
لە شیرین خەوا راتدەچڵەکێنێ!
* * *
خۆزگە چاوانی بەکل رێژراوت
خۆزگە چاوانی لە خەم گیراوت
بە چەپکێ نیگا
ڕۆحی شکاوم، وەک چرای نێو - با - هەڵدەکاتەوە
یان چنگێ خۆڵی سەر گۆڕی تینووت
وەک نوری یەزدان لە گوناحانم پاکدەکاتەوە
* * *
ئەوا تەرمەکەم لە تەنیاییدا
بەسەر ونبووندا شۆڕدەبێتەوە..
درەختی گەردە لەنێو هەتاودا دەشەکێتەوە .
ئەوا تەرمەکەم گۆرانییەکە خاک رادەژێنێ
چنگێ شەونمە سەراب تەردەکاو
لە پاڵ ئاسۆدا هەڵدەبێتەوە .
* * *
هەروا لە یادمە
لایلایەکانت بارانی خوابوون
وەک درەختی خۆڵ دەیانتەکاندم
هێشتا ساوابووم، بەدەست و پەنجەی فریشتەییانەت
بۆرێی ئازادی و
شەوی رەنجەدەران داتدەگیرساندم.
* * *
لە تۆوە فێر بووم ..دوندەکان بکەم بەنسێی گیانم
وەک ئەسپی ئاگر لەئاسۆوەبێم
کام شەپۆل قووچە نەگاتەشانم
لەتۆوەفێربووم ..بەرزەفڕ بمرم
بەرزەفر بژیم
بەرز بڕوانم .
* * *
ببوورە دایە!
ئەوا دیسان خۆر،خۆری غەریبی
لەکێڵگەی رۆحما سێبەر دەچێنێ
بانگ و هاوارم وەک خەونێکی رەش،
یان وەکو زوقمی گۆڕە سرەکەت،
لەشیرین خەودا راتدەچڵەکێنێ.
دایە...... ببوورە !
خوایە...... ببوورە !

١٩٨٨

* ئەم هۆنراوەیە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکی نوێی شاعیر بەنێوی (کاروانسەرا) وەرگیراوە کە لە ژێر چاپدا یە.

www.arsivakurdi.org

دەکەن Bronkovidgand medel: ئەم جۆرە دەرمانانەکرژی لە ڕاڕەوی هەوادا کەم دەکەنەوە،ئەم دەرمانانە بەشێوەی حەب، دەرزی و سپرای هەن نموونە بریکانیل Bricanyl.

## (*) - حەبەکان: Tabletter

ئەو مادەکاریگەرانەی کەلەم حەبانەدا هەن لە ڕێگای گەددە و ریخۆلەکانەوە هەلدەمژرێن بۆ خوێن و پاشان دەگوێزرێنەوە بۆ سی یەکان و بەشەکانی تری لەش. حەبەکان زۆر جار ە کاری چاک و درێژ خایەنیان هەیە ،بەلام زۆر خواردنیان باش نییە.

لە زیانەکانی ئەم حەبانە دەست لەرزین و دلْ پەلەپەل کردنە. دە ست لەرزین مەترسی نییە، بەلام نەخۆشەکە نارەحەت دەکات .

* تیۆدور Theo .Dur وەگروی تیۆفیلین Teofyllin دژی تەنگەنەفەسی بەکار دەهێنرێن. ئەم دەرمانانە دەتوانرێت لەگەل Bricanyl دا بەکار بهێنرێن .

## * سپرای Spray

ماددەی کاریگەر بە جەندێتی یەکی کەم ڕاستەو خۆ دەگاتە ڕارەوی هەناسەوە هەر بە زوویی کار دەکات و دەست لەرزین و پەلەپەل کردنی دلْ زۆر بەکەمی ڕوودەدات.سپرای دەبێت لە کاتی دیارکراودا بە کار بهێنرێت بۆ ئەوەی لەگەل حەبەکان دا بەرگری یە کی باش درووست بکەن دژی تەنگەنەفەسی. سپرای دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ کەم کردنەوەی پلەی تەنگەنەفەسی .جا بۆیە نەخۆش دەبێت لە کاتی خۆیدا سپرای بەکار بهێنێ. پێش زیاد کردنی پلەی تەنگەنەفەسی یەکەی. بەکار هێنانی سپرای بە شێوەیەکی ڕاست زۆر فاکتۆرێکی گرنگە بۆ کەم کردنەوەی پلەی تەنەگەنەفەسی.

## کۆرتیزۆن Kortison preparat

کۆرتیزۆن یارمەتی چاک بوونی باری گشتی نەخۆش دەدات، کارێکی خێرای لەسەر کەم کردنەوەی تەنگەنەفەسی نییە. ئەم جۆرە دهرمانە دەبێت بەپێی ئامۆژگاری پزیشک بەکار بهێنرێت.

ئەوانەی کەتەنگەنەفەسیەکەیان زۆر سەختە ،سوودی زۆر لە کۆرتیزۆن وەردەگرن ،ئەگەر ماوەیەکی درێژ بە کاری بهێنن.

لە زیانە لابەلاییەکانی کۆرتیزۆن، بریتین لە لەشی ئاوسان وەکار کردنە سەر گەشەی منداڵ.

نموونە بۆ سپرای کۆرتیزۆن Pulmicort Spray .

* دەرمانیدژی حەساسیەت Antiallergiska medel

ئەو کەسانەی کە جۆری تەنگەنەفەسی یەکەیان هۆکەی دەگەرێتەوە بۆ حەساسیەت سوود لەم جۆرە دە رمانانە وەر دەگرن .لۆدمیودال Lodmudal نموونەیەکی ئەم گرویەیە کەبە شێوەی پاودەر (تۆز) هەیە کە هەلدەمژرێت بە یارمەتی دەستگایەکی تایبەتی.ئەم دەرمانە ڕێگا لەحەساسیەت دەگرێت و تەنگەنەفەسی ڕوونادات.کاریگەری ئەم دەرمانە هەندێ جار پاش چەند هەفتەیەکەوە دەردەکەوێت.

* Expektorande ,Sleml ösande Medel

ئەو دەرمانانەی کە بەلغەم شل دەکەنەوە ویارمەتی فڕێ دانە دەرەوەی دەدەن.

کۆبوونەوەی بەلغەم لە ڕاڕاوی هەوادا تەنگەنەفەسی سەخت تر دەکات و نەخۆش زیاتر نارەحەت دەکات.

جا بۆیە ئەم جۆرە دەرمانانە سوودەکەیان لەوەدایە کە بەلغەم شل دەکەنەوە ئەمەشی لەئەنجام دا ڕوو شاندنی لینجە پەردەی ناو ڕارەوی هەوا کەم دەکاتەوە.

تەنانەت خواردنەوەی شلەمەنی یارمەتی شلکردنەوە بەلغەمی دەدەن.

لەکاتی فڕێ دانەوەی بەلغەمدا نەخۆشەکەزیاتر هەست بەئاسانی هەناسەدان دەکات.

* Allergivaccination Hyposensibilisering

خۆرا هێنان لەگەل ئەو مادانەی کەمرۆڤ تووشی حەساسیەت دەکەن.

ئەمەش ڕێگایەکە بۆ کەم کردنەوەی تەنگەنەفەسی لای ئەوانەی کە حەساسیەتیلن هەیە دژی هەندێ ماددە.تەنانەت ماددەی حەساسیەت دروست کەر بەشێوەی دەرزی لەنەخۆشەکە بۆ ماوەیەکی درێژ تا وەکو لەشی خۆی ڕاهێنێت لەگەل ئەمادادانەدا.

وەرگێرانی لە سویدیەوە:

دوکتۆر بەرزان بێکەس

١٩٨٩

www.arsivakurdi.org

# گۆشەی تەندروستی

# Råd och Anvisning för patienter med Astma

## ئامۆژگاری و زانیاری بۆ ئەوانەی دوو چاری تەنگەنەفەسی « رەبو» هاتوون

تەنگەنەفەسی کە بەزمانی لاتینی پێی دەگۆترێت ئاستما Astma بریتیە لەکرژبونێک لە راڕەوی دەستگای هەنا سەدان دا کەلە ئەنجامی هەندێ گۆران لە بۆری وبۆریچکەکانی هەوادا دێتەکایەوە.

هەندێ کەس ئەم نەخۆشییەی بە شێوەیە کی ئاسانترتیادا دیاری دەدات و هەندێکی تر بە شێوەیەکی سەختتر.

دوو جۆرە ئاستما هەیە یە کەمیان پێی دەگۆترێت Exogen: واتە دەرەکی ئەم شێوەیە لە نێو لاواندا بلاو ترە، هۆی ئەم جۆرە تەنگە نەفەسیەش بریتیە لە حەسا سیەت ،ئەم جۆرە تەنانەت پێی دەلێن ئاستمای هەستیاری Allergis Astma: جۆری دووەم پێی دەگۆترێت Endogen واتە ناوەکی یاخود ئاستمای نا هەستیاری Icke,Allerisk Astma ،ئەم جۆرە تەنگەنەفەسی یە لە نێو یەسالا چوەکاندا زیاتر باوە.

لەحالەتی شێوەی یەکەمدا، واتە ئاستمای دەرەکی دا زۆرجار کتوپڕ نەخۆشەکە هەناسەی تەنگ دەبێت ،بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە نەخۆشەکە لەو مادانەنزیک دەبێتەوە کە حەساسیەت دروست دەکەن.

بۆ نموونە لەوەرزی بەهاردا هەلاڵە زۆر دەبێت لە هەوادا بە هۆی گوڵ گرتنی دارو درەختەوە، ئا لەم کاتەدا تەنەگەنەفەسی زیاد دەکات .هەروەها تووک وەرانی ئاژەلی وەک : پشیلە،سەگ، ئەسپ ..هتد ،ئەوەش دەبێتە هۆی هەناسە تەنگی. ئەم جۆرەئاستمایە دەتوانرێت هۆکەی بزانرێت بە هۆی هەندێ تاقی کردنەوەی تایبەتی .

بەلام ئەونەخۆشانە هۆی ئاستماکەی نەزانراوە Endogen زەحمەتە هۆی تەنگەنەفەسی یەکەی بدۆزرێتەوە،بەلام چارە سەرکردنی کارێکی سەخت نیە.لینجەپەردەی Slemhinna ی ناو بۆری هەوا لای ئەم جۆرەکەسانە هەستیارەدژی هەوای پیس، دوکەلی جگەرە، تەپ و تۆز،سەرما... هتد.تەنانەت هەندێ جۆری دەرمان،خواردن دەبنە هۆی هەناسە تەنگی.

ئایە مرۆڤ دەتوانیت چی بکات بۆ ئەوەی وەزعی تەندروستی باش ببێ ؟

بۆ ئەم مەبەستە ئەم خالانەی خوارەوە پێویستە رەچاو بکرێت:

* وەرزش کردن،* هەولدان بۆ کەم کردنی کێش و زەعیف بوون،* واز لە جگەرەکێشان ،* دوور کەوتنەوە لەتەپ و تۆز، * داخستنی دەرگا و پەنجەرە لەوەرزی بەهاردا،بۆ ئەوەی تۆوی گوڵ و دارودرخت نەیەتە ژوورەوە،* رانەگرتنی سەگ و پشیلە و بالندەو ئاژەلی کەوی (ئەوانەی لەمالدا بەخێو دەکرێن).

## ئاگاداری

هەول بدە کە بەبەردەوامی پەیوەندیت بە پزیشکەکەتەوە هەبێت و گوێرایەلی ئامۆژگاریەکانی بە.هەندێ جار هۆی هەناسەتەنگی،چەند هۆیەکە،کە پێویست بە بەکارهینانی چەند دەرمانێک بکات وەزیفەی ئەم دەرمانەنە بریتیەلە بەرگری کردن و لەهەمان کاتدا کەم کردنەوەی تەنگەنەفەسی. جا بۆیە هەندێ دەرمان پێویستە بەکار بهێنریت،تەنانەت لەو کاتانەشدا کە نەخۆشەکە نارەحەتی هەناسەدانی نیە. هەندێ جار نەخۆش پێویستی بەوەهەیە کەفێر بکرێ چۆن هەناسە بکێشێ.

هیلاک بوون،بێ ئارامی و سەرما بوون ،دەبنەهۆی زیاد کردنی تەنگەنەفەسی. گۆران لە هۆرمۆنی لەشدا لە کاتی بالق بووندا Pubertet ولەکاتی، بێ نوێژی (خوێنی مانگانە) Menstruation و، هەروەها چوون بە تەمەندا، ئەمانە هەمووی لەوانەیە کاریکەنە سەر سەختی پلەی تەنگەنەفەسی.بێگومان ئەو فاکتۆرانەی لە سەرەوە باسمان کردن هەندێ جار کاریگەر نین لەسەر سەختی تەنگەنەفەسی.

هەندێ دەرمان کە بەکار دەهێنرێت دژی تەنگەنەفەسی:

(*) ئەو دەرمانانەی بۆری هەوا فراوان

www.arsivakurdi.org

# بۆ جەوری زەمانە

نووسینی : کاکە پاس

لەو کەنارانەوە، لە ولاتی غەریبی .

هەرکە دەبینم لەنجەو لاری کچی شاری، سەر هەڵدەداتەوە لەمێشکم چیرۆکی دڵداری ولاتی بەجێ ماوی بەفرو خوێنی ژیانی کوردەواری ..

ئای لەو رۆژانەی بۆ باوەشی یەکتری، شاخە شاخ، گشت رێگاو بانێکمان دەکوتی ..وای لەو شەوە تاریکانەی بەنوکی چاو، گرتبومانە بەر باریکە رێ‌ی کاروانی نادیاری !!

....

هاتوم بەفرم پێ‌یە.. بەفری‌قەد پالی ئەو لوتکە بەرزانەی بە بۆمبای کیمیاوی بۆردومان کران .

هاتوم تۆزی هەڵقرچاوی ئەو گوندانەم پێ‌یە کە فاشستەکانی سەردەم تەختیان کردن .

هاتوم هەواڵی هەڵبەرکێ‌ی زەماوەندی خوێناوی مێژووی دوو سەرکاری گەورەم لە کۆل دایە .. کە بەجوتە بونە سەرکاری سرینەوەی ئاسەواری ژیان لە بەشێکی زۆری ولاتی کوردان.

هاتوم پرێسکەی ئەو پیرەمێردو پیرێژنەم هەڵگرتووە، کە درندەکانی سەدەی بەناو ئاشتی و مافی مرۆڤ...... لە گوندی وەرتێ * هەنجن بەهەنجنیان کردن .

هاتوم...... هاتوم هەناسەی هەڵبزرکاوی دەمی ئەو شوانەلاڵ کراوانەم لە سنگ دایە کەجامبازەکانی کوردایەتی شمشاڵە کانیان لێ شکاندن .

...

ئای..ئای ..لەدەم بێزەوەری مێژوو ..ئەو مێژووەی ئەمرۆ بۆ سەرفرازی مرۆڤی ماف خۆر دەرازێنرێتەوە، پێکی مەی جۆراو جۆری بۆ هەڵدەدرێ!

ئای..ئای لەوانەی شەرم لەبەژن و بالای خۆیان ناکەن، لەئاست ژانە تەواو نەبوەکانی کوردی بەستەزمان، کوێجکەکانیان تەنیا بۆ بەرژەوەندی یان شت وەردەگرێ!

نازانم ئەمە چ سەردەمێکە ! لەبەر چاوی زەقی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا، لەبەرۆکی ویژدانی ئەو مرۆڤانەی خۆیان بە ئالا پەروەری مرۆڤەوە لول داوە ..

ولاتەکەی ئێمە دەسوتێنن، گەلەکەمان تەفرو تونا دەکەن.

دەردی زەمانە هەرکە سەر دەنێتە سەرتەوە، وەک تەوژمێک ژانەسەری بێ ئامان دەکاتە میوان.. لەو رۆژگارە، چونکە لەو رۆژگارە سەر قاڵ و بن قالەی بەردەستی دێوەجانەکان، هەموو مرۆیەک وەک سێبەری لە کارتۆن دروست کراو دەجولێنەوە .. بەخۆشیان نازانن چی دەکەن و چی دەڵێن!

* * *

چاوەکەم، چاوی من، گوێم بۆ بگرە و بنۆرە مەبەستی من .. ئەوەی ئەمرۆ لەتاووتووی ئەم سەرو ئەو سەری سەرە داوەکان هاتوتە چەقی رێگامان، خۆی لەوەدا دەنوێنی : هەر کەسێ نەیبێ ئالای نەوتاوی سەرسنگی بابەگورگور، هەرگەلێ نەبووبێتە خاوەن دەسەلاتی کورسی حوکم کردن! با بو خۆی فوو بکات بەو بلوێرەی کەهەر لەسەر چاوەوە بەکون نەکراوی خراوەتە بازاری‌گەلانی ستەم دیدەوە .

– ٢ –

ئەو بەیانی‌یەی ژانەسەر لە خەوی راست کردبوومەوە، بەپانایی پەنجەرەی سەر شۆستەکەوە، بە دەوروبەرم دا دەروانی، هێشتا گوێسەبانەی شەو بە قەد بالای ژیانی ئاوارەیی تەکە تەکی بوو..

ئەو کاتە چاکتر لەوە تێ‌گەیشتم، هەست ونەستی بێ ترپە و زر و هۆری قەرەبالغی ژیان، جەند شتێکی سامناکە، هەر دەلێ‌ی خورپەی دلێکە لەچولەوانی بێ ئامان، لەئاست خورە خوری ئاوی جەرەیەکی سەرشانی کیژۆلەیەکی کوردەواری، مرۆ لە خەوێکی ترسناک وەخەبەر دێنی..

سەرنجم‌دا، کوتەکوتی دڵم کەوتوتە غاردانێکی سەر لەدوونراودا، وەک ئەو هێشوە ترێ‌یە رەشمیری یەی ناو رەزی نقوم بووی‌فێنکاوی ئێوارەیەکی قەدپالی هەورێ**، زۆر بەئاسانی دەکەوتە دەمی مەبەستەکان.

بەلێ ئاوارەیی بۆ ئەو کەسەی دڵی بریندارە، بەحەق سەربازێکی نەناسراوی عەشقی ئازادی کوردستان بووە.. زیانی ئاوارەیی زەقنە بوتە ..مەرگەستانە، تاوێری بەزم و راکردنە !!

(*) – وەرتێ ..یەکێکە لەگوندەگەورانەی ناوچەی رەواندز،لەپارێزگای هەولێری کوردستانی باشوور .

(**) – هەورێ ..ئەو زنجیرە چیایەیەکە دەکەوێتەنێوان دۆلی ( هیران و نازەنین ) و دۆلی بالیسان–ی ناوچەی خۆشناوەتی لە پارێزگای هەولێری کوردستانی باشوور .

## یەکێتی‌ی لاوانی کورد لە سوێد کۆنگرەی سێەمینی بەست

لەرۆژی ٢١-٤-.١٩٩دا ،یەکێتی لاوانی کورد لەسوێد، کنگرەی سێەمینی خۆی بەست. لەکۆن‌گرەکەدا ٣٣ نوێنەر بەشداریان کرد،کە نوێنەری پێنج سێکشۆنی کۆمەڵە کوردیەکانی سوێد بوون. کۆنگرەبە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. لە کۆنگرەدا راپۆرتی کاروبار سنشکەش کراو گفتو گۆێ لە سەرکرا.پێشنیارێکی زۆر بۆ کۆنگرە هات بوو، لەوانەچەندێکیان پەسند کران وەک: کۆنگرەی لاوان پێویستە بەمانگێک بەر لەکۆنگرەی فیدراسیۆن بگیرێ، ئەندامی کۆمیتەی کارگێر تەمەنی لە١٥ساڵ کەمتر نەبێ، هەروەها تەمەنی سەرۆک و بەرپرسیاری ئابوری لە١٨ساڵ کەمتر نەبێ.
ژمارەیەکی زۆر نامەی پیرۆز بایی بۆ کۆنگرەهاتبوو. لەکۆتاییدا، کۆنگرە کۆمیتەی کارگێری نوێ یەکێتی‌ی لاوانی هەڵبژارد.

# کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەسوێد

لەرۆژی ٥-٥-١٩٩٠ دا، کۆنگرەی دوومەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوێد بەبەشداری ٢١ ئەندام ، لەستۆکهۆلم بەسترا.کۆنگرە بە دەقیقەیەک وەستان بۆ یادی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد .پاشان لیژنەی بەرێوەبردنی کۆنگرە لە سێ کەس هەلبژاردرا.

لەکۆنگرەدا، سکرتێری یەکێتی کاک خەبات عارف،راپۆرتی سالانەی خوێندەوە و کاک خەلیل دهۆکی راپۆرتی مالی پێشکەش کرد ، دوای گفتوگۆ کردن لە سەر رابۆرتەکان هەردووکیان پەسند کران.

لەکۆنگرەدا چەندان پێشنیار بۆ چاک کردنی کاروباری یەکێتی و چالاکی سالێ نوێ پێشکەش کرا ،بریاری لە بارەوە وەرگیرا، لەوانە : دەرکردنی گۆڤارێک، پەیوەندی کردن بەنووسەرانی کورد لە هەندەران و رێکخراوە ئەدەبیەکانی تری بێگانە. کۆنگرە چەند بریارێکی وەرگرت لەوانە:



- ناردنی بروسکەی نارەزایی بۆ دەولەتی تورکیا لە سەر گرتنی زانا و تێکۆشەری تورک،دۆستی گەورەی گەلی کورد ئسماعیل بێشکچی ،داوای ئازادی بۆ کرد .

ناردنی‌بروسکەیەک بۆ دەولەتی نورکیا ، دژی چەوساندنەوەی کورد وقەدەغەکردنی زمان و کولتوری کورد.

ناردنی‌بروسکەیەک بۆ نووسەری بەناو بانگی عەرەبی عیراقی هادی العلوی، لەسەر هەلوێستی جوامێرانەی بەرانبەر خەباتی گەلی کورد.

- نامەیەک بۆ یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و کۆمەلەی نووسەرانی کوردستان لەپێناوی تەبایی و یەکگرتنەوەی ریزی نووسەرانی کوردستان.

- پاشان کۆنگرە کۆمیتەی کارگێری نوی‌ی هەلبژاردو،داوای لێ کردن کە راسپاردەکانی کۆنگرە بەزووترین کات ئەنجام بدەن .

# چەند هەواڵێک

❐ رۆژنامەی « رایە الحریە»ی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ژمارەی (١٨)ی دا، بلاوی کردۆتەوە کە ٣٤ حیزب و رێکخراوی سیاسی ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەراست ،بەیانێکی پشتگیریان بۆ راپەرینی کوردستانی باکوور ئیمزا کردوە.

❐ لە رۆژنامەی «صدی کردستان»ی ژمارە(٣١)دا، هاتووە کە ٧٤ کەسی ناسراوی دەولەت و هیزە سیاسیەکانی چیکۆسلۆڤاکیا بەیانێکیان بلاو کردۆتەوە، لە یادی دووەمی کارەساتەکەی هەلەبجەدا، و رژێمی عیراقیان تێدا مەحکوم کردوە و، پشتگیریان لە خەباتی گەلی کورد دەربریوە .

❐ ـ هۆمل- بلاوکراوەیەکی مانگانەی کۆمەلەی کولتوری کوردە لە لینشۆپینگ، تا ئیستە چوار ژمارەی لێ‌دەرچووە. بلاو کراوەیەکی هەمەجۆرە، واتە: ئەدەب و کولتوری گشتی، سیاسەت، چالاکی کۆمەلەکە و فیدراسیۆن.

## لەسێدارەدانی ١٤ لاوی کورد لە بەندیخانەی موسل

بەپی‌ی هەوالێکی گەیشتوو، رژێمی بەغدا، دوای لێبووردنی گشتی لە ئاداری ١٩٩٠-دا، بەچەند رۆژێک، واتە لە ١٦ی ئادار دا ١٤ لاوی رواندزی، کە لە ١-٦-١٩٨٨ لە بەندیخانەکانی رژێمدا بێ سەر وشوێن بوون ، لەسێدارە دروان.ئەم تاوانەیش ئەو راستیە دەسەلمێنی کەرژێمی صدام حسین ی خوێنمژ درێژە بە سیاسەتی قەلاچۆ کردنی کورد دەدا و هیچ جۆرە ئاشت بوونەوەیەکی لەگەل پەسند نیە.

www.arsivakurd.org

بۆ خەلکی نسێبین دەربڕی و کەوتنە جادەکان و خۆپیشاندانیان ساز کرد.لەشکری تورک کەوتە مەترسی و بەتیرۆر کەوتە گیانی خەلکی راپەریو ،تەنانەت چەکیشیان بەکار هێنا ،لەئەنجام دا ،بەپێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو ٥کەس شەهید و ٩ کەسیش برینداربوون. هەروەها دانیشتوانی شارەکانی تریش وەک : دیاربەکر ،میدیات،قزلتەپە، سلۆپیا، دێرکی ، چنار، تاتوان ، دیجلە، فەرقین، لجێ و شارەکانی تر مانیان گرت و دوکانەکانیان داخست، پشتگیریی خۆیان بۆ جەماوەری راپەریوی نسێبین و جەزیرە نیشاندا. ئەوەی شایانی باسە،دروشمی جەماوەری راپەریو دژی رژێمی تورکیا بوو : بژی کوردستان، بژی پێشمەرگە ، بژی سەرخۆبوون و بمرێ داگیر کەر.

پرشکی ئاگری راپەرینی نسێبین گەیشتە هەموو شوێن ،خوێندکارانی زانکۆی دیاربەکر مانیان لە خوێندن گرت و خۆپیشاندانیان کرد، کچە کورد « زەکیە ئالکان» خوێندکاری بەشی بزیشکی زانکۆی دیجلەلە دیاربەکر ، خۆی کردە نیشانە و قوربانی ئەو راپەرینە.

لە رۆژی ١٦ی ئاداردا ئەو کچە کوردە رایگەیاند:



- نەورۆز ئاگرێکی گڕتری دەوێ
- راپەرینی نسێبین سلاوی دەوێ.

دوای ئەم وتانە، لەسەر جادەی دیاربەکر، لەناوەندی شاردا، بەنزینی بەخۆ داکرد و ئاگری لە خۆ بەردا.زەکیە هەتا هەتایە بوو بە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لەئاسمانی کوردستانی خوێناوی.

## بریارنامەی ژمارە ٤١٣

دیارە ئەو رووداوانەی ئەم دواییەی کوردستانی باکوور، ترس و لەرزێکی مەزنی خستە دڵی کاربەدەستانی تورکیا، سەرکردە سەرزلەکانی دەولەتی تورکیا کەوتنە خۆ ، بۆ داڕشتنی پلانێکی گلاو تر دژی گەلی راپەریو مان. لە کۆتایی نیسانی ئەو ساڵەدا، بەمەبەستی سەر کوتکردنی ئەو راپەرینانە، دەولەتی تورکیا بریارنامەی ژمارە ٤١٣ ی دەرکرد ، کە بە پێی ئەم بریارنامەیە دەبێ:

-.....٩سەرباز لەناوچەکانی کوردستان زیاد بکرێت
- ئەوانەی یارمەتی (تیرۆریستیان) داوە،لە کوردستان دەر بکرێن .
- ئەوانەی دژ بە دەولەت خەبات دەکەن سەر کوت بکرێن .
- ژمارە و پارەی پاسدارانی کوندەکان زیاد بکرێت .
- جەزا و لە سێدارەدانی خەباتگیرانی کورد جێ بە جێ بکرێت.
- ناوچەکانی شرناخ و باتمان بکرێن بە ویلایەت .
- ئەو کاربەدەستە تورکانەی بشتگیری کوردیان کردوە ، لە کارەکانیان دەر بکرێن .

لە کوردستانیش گەلی کوردمان دژی ئەم بریارانە، بریاری خۆی وەرگرتووە کە رۆژنامە گۆڤارە تورکیەکان لە کوردستان نە کرن، ورەو هێزی جەماوەری کوردمان زیاتر لە دژی ئەو بریارانەیە، ، بوو بەیەک و وزەیەکی یەکجار بەهێزی وەرگرتووە.

### سەرکەوتن هەمیشە بۆ جەماوەری راپەریوی کوردستان

www.arsivakurdi.org

# سلاو له گەلی
# راپەڕیومان له کوردستانی باکوور

م.مایی

له وەتی کوردستان پارچه پارچەکراوه، دوژمنانی گەلی کورد له چەوساندنەوەی گەلی کورد دریغیان نەکردوه ، بەهەموو جۆرێک هەوڵی لەناو بردنیان داوه. کوشتن، برین، سووتاندن، کاول وو ێران کردن بوەته ژیانی رۆژانەی خەلکی‌کوردستان. گەلی کوردیش هەردەم بەرەنگاری داگیر کەرانی بردووه، خەباتێکی بێ وچانی کردوه له پێناو مافیچارەنووسی خۆیدا، لەم رێگایەش بەهەزاران قوربانی داوه. جەماوەری گەلی کوردمان ، لەگوند و شار و شاروچکەکانی له هەموو راپەرین و بەرەنگاربوونەوەیەکدا به پیر یەکترییەوه هاتوونه. سلێمانی راپەریووه، کەرکووک ودهۆک و هەولێر پشتگیریان لێ‌کردوه، دوژمن لەمهاباد کوردی کوشتوه، کورد لەبانه وسنه و مەریوان تۆلەیان سەندووەتەوه. ئیستەش لەنسێبین گەل راپەري، له دیار بەکر، جزیره و لجێ دەنگی دایەوه!

## روداوەکانی نسێبین:

له رۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٩٠ دا، له ناوچەی ماردین ، له شەرێکدا ١٣ پێشمەرگەی پ.ک.ک شەهید کران، ٥کەس لەوانه خەلکی شاری نسێبین بوون، کاربەدەستانی لەشکری تورکیا، وەک هەر جار دەیانویست ،ئەو شەهیدانه بەجل و بەگەوه! بنێژن . بەلام خەلکی شەرەفمەندی نسێبین ،ئەم جارەیان خۆیان به خاوەن زانی و تەرمی شەهیدەکانیان له دوژمن سەندەوه.له رۆژی ١٥ی ئاداردا، هەزاران کوردی نسێبین بەشداری نێژتنی تەرمەکانیان کرد .ئەمەش کاربەدەستانی تورکی نارەحەت کرد و مەترسی خسته دلی دوژمن.



## لەسەر قەبرانەوه بەرەو سەره هەلْدان

له چاو پێکەوتنێکی رۆژنامەگەری دا، هاوولاتیەکی نسێبین رایگەیاند : « ئێمه که نزیکەی ٤-٥ هەزار کەس بووین، که شەهیدەکانمان ناشت، هەموو پێکەوه له قەبرستانەوه بەرەو شار دەگەراینەوه،کۆماندۆی لەشکری تورک هاتن بۆ ئەوەی پەرشو بلاومان بکەنەوه، جەماوەر به ژن و منداڵ و پیرەوه بەرنگاری کۆماندۆی تورک بوونەوه . ئەوان به چەک و تفەنگ، ئێمەش به دار و بەرد به گژیان هاتین، له ئەنجامدا کوڕێکی ١٩ سالی شەهید بوو و زۆرکەسیش بریندار کران .»

ئا بەم جۆره ، جەماوەری نسێبین راپەری، راپەرینەکه له هەموو کوردستان و تورکیا دەنگی دایەوه، تارادەیەک له ئەنقەرەو ئەستەمبوڵیش له سەر پشتگیری خەلکی نسێبین هاتنه گرتن ولێدان، بەلام شێوەی ئەو پشتگیرییه یه لەدەورو بەری نسێبین دژوار تر بوو.له جزیرا بۆتان هەزارەها کەس پشتگیری خۆیان

www.arsivakurdi.org

## لەم ژمارەیەدا


### بەشی کرمانجی خواروو

٥٧-سڵاو لەگەڵی ڕاپەڕیومان...م.مایی

٥٤-بۆ جەوری زەمانە.......کاکەباس

٥٣-گزشەی تەندروستی ..د.بەرزان بێکەس

### شیعر

٥١- هۆنراوەیەک بۆ دایکم .. ڕەفیق سابیر

٥٠-چیرۆکا گوندێ من.... ف.مایی

### چیرۆک

٤٩- خنکاندن ..... سیامەند

### لێکۆڵینەوە

٤٥-دڵزار..دڵێکی ناسک ...حەمە سەعید حەسەن

٣٩- گۆڤاری هاوار......جەمشید حەیدەری

٣٤- ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی .. ئاسۆ گەرمیانی

### کرمانجی ژووروو

٥-بەربانگێکی چۆن ...... ن.کریڤ

٦- گونتەر والف چی لەتورکیا دیوە...و:تەمۆ زێرین

٨- حکومەتی سوید گونمان ناداتێ..ح.مزگین

١١- لەکەمپەکانی تورکیادا چ ڕوودەدا...

١٢- بۆ بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی ژنان پێویستە..شەرمین هێڤیدار.

١٦- شێخی کوردناسی حاجیی جندی

١٨- مەسەلەی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەئەورووپا..ڕۆهات

١٩- ڕۆڵی کورد لە مێژوو شارستانیەتیدا..د.کەماڵ مەزهەر

٢١- چەند گۆتن لەسەر لجێ و زاراوەی وی..ئامەد تیگریس

٢٤- لەکەباب خانە-چیرۆک- .تۆسنێ ڕەشید

٢٦- فرانس کافکا ..........م.عەلی .ک

٢٨- زەکیە ....شیعر .. م.مایی

### بەشی دملی(زازا)

٣٠- ئۆغل بەزازاکیش نووسین هەیە؟ هۆ.دڵۆەن

٣١- کوچک گۆشتی کوچک ناخوا..محەم هەمبێلیۆ



# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید

بەرپرسیار

ن. کریڤ

دەستەی نووسەران

ئاسۆ گەرمیانی — ئا. تگریس

ج. حەیدەری — ل. جەنگین

حەسەنی مەتێ — مەحفوز مایی

م. عەلی.ک — ڕۆهات

تەمۆ زێرین

ئابونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سویدییە

بۆ دەزگاکان: ٢٠٠ کرۆنی سویدییە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە ئیمزای خاوەنەکانیان بڵاوەکرێنەوە.

ئاونیشان:

BERBANG
Box 45205
104 30 STOCKHOLM

تەلەفۆن:

08- 668 60 60

پۆستگیرۆ:

64 38 80-8

ژمارە ٦٤ ساڵ (٩)

گوڵانی ١٩٩٠

# کۆچی دوایی زاناو نووسەری گەورەی کوردی سۆڤیەت، مامۆستا حاجیێ جندی



*Heciyê Cindî*

لە رۆژی ١ی گولانی ١٩٩٠ دا ، لەتەمەنی ٨٢ ساڵیدا، لە شاری یەریڤان حاجیێ جندی کۆچی دوایی کرد. پرۆفیسۆر حاجیێ جندی، ٦٠ساڵی تەمەنی خۆی، خزمەتی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی کرد، هیوای ئازادی کوردستانی لەگەڵ خۆدا بردە ژێر گڵەوە.

هەزاران سڵاو لەگیانی حاجیێ جندی.

*( بۆ بتر ئاشنایەتی پەیدا کردن لەسەر ژیان و کارە زانستیەکانی زانای گە ورەمان، تەماشای ئەو وتارەبکەن کەلە ژمارەی (٤)ی بەربانگدا لەساڵی -١٩٨٨ دا بلاو کراوەتەوە )*

# کۆچی دوایی تێکۆشەر زەکی آدسز

سکرتێری گشتی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان هەڤاڵ زەکی آدسز، دوای نەخۆشی‌یەکی‌گران (شێرپەنجە)، لە رۆژی ١٧ی نیسانی ١٩٩٠دا، لە یەکی لە نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیای رۆژاوا (کولن) کۆچی دوایی کرد.



زەکی آدسز، لەساڵی ١٩٤٨ لە شاری بینگول لە دایک بووە. لە لاویەتییەوە هاتۆتە کۆری خەباتەوە، لە ساڵی ١٩٧٢دا زیندان کراوە،دوای دەرچوونی لە بەندیخانە، کاری رۆژنامەگەریی کردووە، لەسەر هەندێ لەوتارەکانی دیسان گیراوە و پاشانیش دوور خراوەتەوە بۆ دیاربەکر، لەویندا چالاکی لەریزی سەندیکای Disk دا کردوە، بەنوێنەری کارگەرانی‌شارەوانی هەڵبژاردراوە.لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە هاتۆتە ریزی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیاوە، تا گەیشتۆتە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی. لە ساڵی ١٩٧٩دا لەبەر چالاکی سیاسی گیراوە. دوای کودەتای جونتا لە١٩٨٠دا رووی لە کوردستانی ئێران کردووە. لەساڵی ١٩٨٢دا لە پارتی سۆسیالیست جیا بوەتەوە و رۆژنامەی رۆژا وڵاتی دەرکردوە. لەساڵی ١٩٨٦دا لەگەڵ گروپێک لە ئەندامانی کیپ Kip دا رێکخراوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دامەزراندوە و بەسکرتێری ئەو رێکخراوە هەڵبژێردراوە.

هەزاران سلاو لە گیانی تێکۆشەر
زەکی آدسز

www.arsivakurd.org

# بەربانگ

ژمارە ٦٤ | گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوید | ساڵ «٩»

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالان



دایەگیان برسیمانە..چایەکمان بۆ دەمکە..

لەو سنوورە،بەلکوو نان وچایەکی بخۆین